خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5642) چوارشەممە 28ی تشرینی دووەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار




دوای سەردانێکی چەند ڕۆژە بۆ بەغدا و وڵاتانی کەنداو

سەرۆک بارزانی گەڕایەوە هەرێمی کوردستان

دوێنێ سێشەممە 2018/11/27 سەرۆک مسعود بارزانی و شاندی یاوەری دوای سەردانێکی چەند ڕۆژە بۆ بەغدا و وڵاتانی کەنداو و دیدار وچاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و کوەیت، لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.

سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەمیری کوەیت کۆبۆوە

جەخت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی کوەیت کرایەوە



لەدرێژەی سەردانەکەی بۆ وڵاتانی کەنداو، سەرۆک مسعود بارزانی لەگەڵ شاندی یاوەری کە پێکهاتبوو لە مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان و ئازاد بەروای ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی کوەیتی کرد و سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2018/11/27 لە لایەن سمو شێخ سەباح ئەلئەحمەد ئەمیری کوەیت پێشوازی کرا.

لەو کۆبوونەوەیەکدا بیروڕا لەبارەی دواینی پێشهاتە سیاسی و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە ئالوگۆڕ کرا و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی کوەیت و چۆنییەتی پێشخستنی ئەو پەیوەندییانە.

پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو. هەر هەمان ڕۆژ سەرۆک مسعود بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ شێخ ناسر سەباح ئەلئەحمەد جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگریی کوەیت کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەردوولا تاوتوێ کرا و جەخت لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی کوەیت کرایەوە.

دواین وێستگەی سەردانی سەرۆک مسعود بارزانی و شاندی یاوەری بۆ وڵاتی کوەیت سەردانیکردنی ناوەندی کولتووریی شێخ جابر ئەلئەحمەد و هەروەها دیدار و کۆبوونەوەیان بوو لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی سندووقی کوەیتیی گەشەپێدانی ئابووریی عەرەبی.

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق کۆبوونەوە



ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز دۆگلاس سیلیمان باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و کونسولی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان کرد.

لە دیدارێکدا باس لە پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچەکە، بارودۆخی عێراق، پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق و بەشداری و پشتگیریی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی کرا.

بەڕێز سەرۆک وەزیران پشتگیریی هەرێمی کوردستانی لە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دووپات کردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و سەقامگیری و ئارامی لە عێراق و باشبوونی ڕەوشی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان بەگشتی.

تاوتوێکردنی گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەند بابەتێکی پەیوەست بە دۆخی عێراق و ناوچەکەوە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



عەلی حوسێن:

سەرۆک بارزانی لەسەر داوای لایەنە سیاسییەکان سەردانی بەغدای کردووە



یەکەمجارە کورد لە مێژوودا بیانییەکان لەسەر کەیسێکی جینۆسایدە دادگایی بکات



مەحەممەدی حاجی مەحموود:

سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان پێویستە



شێخ جەعفەر مستەفا: سەردانەکەی کاک مەسعود بۆ بەغدا گرنگیی خۆی هەیە



قەیسەریی گەورەی کەرکووک بەهۆکارێکی نادیار سووتا

قایمقامی شەرگات: هەڵوێستە مرۆییەکانی سەرۆک بارزانی لە بیر ناکەین

3

جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران:

سزاکانی ئەمەریکا قازانجەکانی ئێرانی لە سفر نزیک کردووەتەوە

4



ڕێڤینگ هروری: دیار نییە تاکەی دانیشتنەکەی پەرلەمان بەکراوەیی دەمێنێتەوە

4

عەلی حوسێن: سەرۆک بارزانی لەسەر داوای لایەنە سیاسییەکان سەردانی بەغدای کردووە

لە کابینەی نۆیەم سیستەمی پەنجا بە پەنجا پەیڕەو ناکرێت



بەڕێز سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی حوسێن رایگەیاند کە بەئاشکرا و بەنهێنی سەردانی لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیان کردووە و پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتیان تاوتوێکردووە و ئاشکرایشی دەکات کە سیستەمی پەنجا بە پەنجا پەیڕەو.ناکرێت.

جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لایەنە سیاسییەکانی عێراق داوایان لە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی کردبوو کە سەردانی بەغدا بکات بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی حوسێن لە لێدوانێکدا گوتی: لە هەڵبژاردنەکەدا نەخشەی سیاسیی گۆڕا و بە دڵنیاییەوە قۆناغێکی تازە هاتووەتە ئاراوە و دەبێت هەموو لایەنێک لەم گۆڕانکارییە تێبگەن و ئێمە هێڵی سوورمان لەسەر هیچ لایەنێک نییە، ئەوەی دیکەش کە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن دەبێت ئۆپۆزسیۆنێکی کارابێت، لەهەر شوێنێک کە دیموکراسییەت هەبێت ئەوا ئاساسییە ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت، چونکە ئەگەر نەبێت وا تا پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت. عەلی حوسێن گوتیشی: سەردانی چەند لایەنێکمان کردووە لەوانە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەها هەندێک لایەن بەنهێنی سەردانمان کردوون و قسەمان لەگەڵ کردوون بۆ ئەوەی ئەوانیش رۆڵیان هەبێت بەتایبەت نەتەوەکانی وەک تورکمان، مەسیحی، سریان، ئاشووری، کلدان و ئەرمەن بۆ ئەوەی بتوانین حکوومەتێک دروست بێت کە هەموو لایەنەکان تیایدا بەشداربن.

بەڕرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەلی حوسێن ئاشکرای دەکات کە بەشداریپێکردنی لایەنەکان لەسەر دوو بنەما دەبێت و ئاماژە بەوەش دەکات کە ڕەچاوی شایستەی هەڵبژاردن دەکەن و گوتی: ئەمجارە لەسەر دوو بنەما بەشداریی بە لایەنەکان دەکرێت، بە دڵنیاییەوە سیستەمی پەنجا بە پەنجا نەما، هەموو لایەنەکانیش ئەو باوەڕەیان بۆ دروست بووە، ئێمە ڕەچاوی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن دەکەین، هەروەها ڕەچاوی شەراکەتیش دەکەین، ڕەنگە ئاسایی نەبێت کە لایەنێک نیوەی دەنگەکانی ئێمەیشی بەدەست نەهێنابێت و داوای پەنجا بە پەنجامان لێ بکات، بەڵام مافی خۆیەتی داوای شەراکەتمان لێ بکات، بە دڵنیاییەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەت یەک پاکێجە و گفتوگۆکان تا ئێستاش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، هەر کاتێکیش گەیشتینە ئەنجام، ئەوا سەرۆکایەتی پەرلەمان پێکدێت و گەورەترین فراکسیۆن ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت.

لەبارەی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ پۆستی سەرۆکی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەلی حوسێن گوتی: ئێمە کێشەمان لەوەنییە کە کێ دیاری دەکرێت، بەڵام عورفی سیاسیی وایە دەبێت پەرلەمان داوا لە ئێمە بکات کە کێ کاندید دەکرێت بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەت، ئەو کاتیش ئێمە ناوەکەی ئاشکرا دەکەین.

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە هیچکام لە وەزیرەکانی کابینەی پێشوو ناکرێنەوە بە وەزیر، لەمبارەوە عەلی حوسێن گوتی: ڕەنگە بە شێوەیەکی وا ڕەها نەبێت، بەڵام سیاسەتی پارتی وایە کە گۆڕانکاری بکەین لە دامودەزگاکانی حکوومەت و کەسێک ئەزموونێکی پەیدا کردووە ئەوا کارێکی دیکەی پێ بسپێرین و ئامانجمان ئەوەیە گۆڕانکاری بکەین. سەبارەت بە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا، عەلی حوسێن گوتی: لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەغدا زۆربەیان سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و تەئکیدیان لە جەنابی بارزانی کردەوە کە سەردانی بەغدا بکات، ڕۆڵ و پێگەی ئەو لەسەر ئاستی هەرێم و نێودەوڵەتیش کاریگەریی خۆی هەیە، بێگومان جەنابی سەرۆک جگە لەوەی کە سەرۆکی پارتییە و کەسایەتییەکی سیاسیی و دیاری عێراقی و ناوچەکەشە و بوونی لە بەغدا پەیامێکە بۆ هەموو عێراقییەکان کە دەمانەوێت گرفتەکانی نێوانمان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەین و پەیامێکیش بوو کە ئێمە بەیەکەوە دەتوانین هاوکاری یەکتر بکەین بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تەحەدیاتی ئایندە ببینەوە.

عەلی حوسێن گوتیشی: لە بەغدا قەواڕە سیاسییە جیاجیاکانی بینی لە شیعە، سوننە، تورکمان و ئەمەش بە سەردانێکی سەرکەوتوو وەسفکرا، دواتریش سەردانی ناوچەی کەنداوی کرد، بۆیە ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین کە ڕۆڵمان هەبێت لە عەمەلییەی سیاسیی لە عێراق، بەو ڕۆڵەش بتوانین گرفتەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکەین، گوزەرانی خەڵک باشتر بکەین، دامەزراوەیی دەوڵەت لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین، دەست بکەین بە چاکسازی، بە دڵنیاییەوە ئەمەش بە حکوومەتێکی بەهێز دەکرێت و پێویستە یاسا لەسەرووی هەموویانەوە بێت.



عێراق.. موقتەدا سەدر پێشنیازێک ئاراستەی عادل عەبدولمەهدی دەکات

سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر پێشنیازێکی ئاراستەی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی کردووە کە تیایدا داوای لێکردووە جگە لە کاندیدانی هەردوو پۆستی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ، کاندیدانی پۆستە وەزارییەکانی دیکە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانداڕ پێشکەش بکات بۆ ئەوەی متمانەیان پێ بەخشرێت. موقتەدا سەدر ئاماژەی بەوەداوە کە گرنگە ئەو کەسانەی بۆ هەردوو پۆستی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆدا کاندید دەکرێن، کەسانی سەربەخۆین و سەربە هیچ لایەنێکی حزبی نەبن.

لە تویتێکدا، موقتەدا سەدر نووسیویەتی: پێشنیاز دەکەم کە سەرۆکوەزیران پەلە بکات لە پێشکەشکردنی کاندیدانی ئەو پۆستە وەزارییانەی کە ماون و پڕ نەکراونەتەوە جگە لە کاندیدانی هەردوو پۆستە وەزارەییەکانی ناوخۆ و بەرگری نەبێت.

سەرکردەی ڕەوتی سەدر داواشی کردووە کە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی دەرگای لە بەردەم ئەو فەرماندە بالآ ئەمنییانەی کە ناوجەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا دەرهێنا والآ بکات کە دەناوێت خۆیان بۆ هەردوو پۆستی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگریدا کاندید بکەن، بەڵام بەبێ دەستوەردانی حزبی.

پێشتریش لە میدیاکاندا بڵاوکرابۆوە کە سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران، سەلیم جبوری بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، فالح فەیاز بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ کاندیدکراون کە ئەمەش موقتەدا سەدر ڕەتیکردووەتەوە. موقتەدا سەدر گوتوویەتی: ئەوانەی لە پشت پشکپشکێنەوەن، یەکیانگرتووە بۆ ئەوەی دەموچاوە کۆنەکان و گەندەڵکاران بگەڕێننەوە بۆ سەر دەسەڵات، من هۆکاری دواکەوتنی تەواوکردنی کابینەی حکوومەت نیم، بەڵکو ئەوە منم بوومە هۆی دواکەوتنی پیلانەکانیان. لە کۆتاییشدا، سەدر نووسییەتی: بەوە ڕازی نابم ئەگەر هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆ کەسانی سەربەخۆ نەبن، ئاماژەی بەوەشداوە لەبەر ئەوەی بەو جۆرە عێراق سەربەخۆیی و شکۆمەندی خۆی دەپارێزێت و دەبێتە ئەو عێراقەی کە لەناو سنووری خۆی بڕیار سەربەخۆ بدات نەک لە دەرەوە.

دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەت بۆ هەفتەی داهاتوو دواخرا



بڕیار بوو دوێنێ سێشەممە پرۆسەی دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق بەڕێوەبچووبا، نوێنەرێکی کوردیش لە بەغدا دەڵێ، ڕێککەوتن لەسەر کاندیدی وەزارەتەکان سەرینەگرتووە بۆیە کۆبوونەوەکە بۆ هەفتەی داهاتوو دواخرا. هەدار بارزانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە، کە شەوی سێشەممە ئاگادارکراونەتەوە کە کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو دواخراوە. هەدار بارزانی هۆکاری دواخستنەکەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕێککەوتن لەسەر وەزارەتەکان نەکراوە بۆ دیاریکردنی کاندید. جێی باشە لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقدا، هێشتا هەشت وەزارەت ماون کە لە نێوان لایەنە براوە و بەشدارەکانی حکوومەتدا یەکلایی نەکراونەتەوە، لەوانە دوو وەزارەت پشکی کوردن.

بۆ دووەم جار.. تۆمەتبارانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئامادەنەبوون بێنە بەردەم دادگا

یەکەمجارە کورد لە مێژوودا بیانییەکان لەسەر کەیسێکی جینۆساید دادگایی بکات



دوێنێ سێشەممە لە هەڵەبجە دووەم دانیشتنی دادگاییکردنی ئەو 25 کەس و لایەنە بیانیانە بەڕێوە چوو کە بەهاوکاریکردنی ڕژێمی پێشووی عێراق لە دروستکردنی چەکی کیمیایی لە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجەدا تاوانبارن و تۆمەتباران ئامادە نەبوون بێنە بەردەم دادگا. گاڤریل مارۆنی، پارێزەرێکی نێودەوڵەتیە کە بەرگریی لە کەیسەکە دەکات، ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر ئامادە نەبوونی تاوانباران لە دادگا دەربڕی و باسی لە هەستیاریی کەیسەکە کرد بە و کەیسێکی مێژوویی ناوی برد، چونکە یەکەمجارە کورد لە مێژوودا بیانییەکان لەسەر کەیسێکی جینۆساید دادگایی بکات. ئەو پارێزەرە نێودەوڵەتییە لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: 20 کەسایەتی و لایەنی بیانی لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، بەلجیکیا و سویسرا سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بە تۆمەتی بەشداری لە جینۆسایدی هەڵەبجە و نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو لایەنانەی لە ڕێگای وڵاتانی خۆیانەوە ئاگاداری کردوونەتەوە کەلە ڕۆژی بەڕێوەچوونی دادگاییەکەدا ئاماده بن، بەڵام هیچکام لەمانە ئامادە نەبوونە و ڕای گەیاند ئەم کەیسە کەیسێکی مێژوویی ئاڵۆزە و ئامادەنەبوونیان جێگەی داخ و بێزاریيە.

ڕۆژی 2018/3/13 کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەڕێگەی تیمێک لە پارێزەرانی نێودەوڵەتییەوە سکاڵای یاسایی لە سەر 25 کەسایەتی و کۆمپانیای بیانی تۆمار کرد، کە بە پێدانی مەوادی کیمیایی هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردبوو، ڕۆژی 2018/5/23 یەکەم دانیشتنی ئەو پرۆسەیە لە دادگای هەڵەبجە بەڕێوەچوو، بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی سکاڵا لەسەر تۆمارکراوەکان، دادگای هەڵەبجە بڕیاری دا بۆ ڕۆژی 27/11/2018 بۆ دوا خرا.

شێخ جەعفەر مستەفا: سەردانەکەی کاک مەسعود بۆ بەغدا گرنگیی خۆی هەیە



بەڕێز یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکەشە، جەخت لە گرنگیی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدای پایتەختی عێراق دەکاتەوە. شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەڕێز یەکەی 70ی سەربە یەکێتیی نیشتمانی لەبارەی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندوە سەردانەکەی جەنابی کاک مەسعود بارزانی بۆ بەغدا گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بۆ دەرخستنی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان و پەرلەمان بیکات، یان بە پێچەوانە، هەنگاوێکی باشە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پێی وایە، شەڕ لە بەرژەوەندیی کەسدا نییە، بەڵکوو تەنیا لە بەرژەوەندیی دۆزمن و ناحەز و خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکاندایە، بۆیە نیەتی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە کێشەکان بە شێوەی گفتوگۆ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. ئەوەشی خستە ڕوو، لە دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە مەندەلییەوە تا شنگال، دۆخێکی ئاڵۆز لە ناوچە کوردستانییەکان دروست بووە، بەو هۆیەشەوە بۆشاییەکی گەورە هەیە و هێزە عێراقییەکان نەیانتوانیوە پری بکەنەوە. گوتیشی ئێستا هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر خەڵکی ئەو ناوچانە هەیە، سەدان مالیش لەو ناوچانە ئاوارەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بوون، چونکە داعش بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووە.

بەڕێز یەکەی 70ی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی ڕوونی کردەوە، وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە هەوڵی ئەوەدایە کە هێزێکی هاوبەش لە نێوان پێشمەرگە و سوپا و ژووری ئۆپەراسیۆنەکان دروست بکرێت، تاوەکوو ئەو بۆشاییە ئەمنییە پڕ بکرێتەوە، لە ناو شاری کەرکووکیش دۆخی ئەمنی بە پۆلیس و ئاسایش بسپێردرێت، چونکە بەبێ هێزی پێشمەرگەش ئەو ئەمنییەتە دابین ناکرێت.

لەبارەی ئەوەی شێخ جەعفەر مستەفا پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر بابەتی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان تاچەند بەگرنگ دەزانێت؟ ڕایگەیاند بە دڵنیاییەوە هەرچۆنێک باسی گەڕانەوەی پێشمەرگە کرابێت، گرنگیی خۆی هەیە، گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە و دابینکردنی ئاسایش و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان، گرنگن.

محەممەدی حاجی مەحمود: سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان پێویستە

پارتی دەتوانێ بە پاڵپشتیی 11 کورسیی دیکەی پەرلەمان حکوومەت دروستبکات

هەر حزبێک بەشداریی حکوومەتی کرد دەبێ پشتیوانیی حکوومەت بکات



محەممەدی حاجی مەحمود ڕایدەگەیێنێت، ئەوان لەگەڵ حکوومەتی بنکەفراواندا نین و دەشڵێ، کوردستان پێویستی بە دەستوور و چارەکردنی پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمە، چونکە سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان پێویستە.

محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری گشتیی حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ ماڵپەڕی پارتی، ڕایگەیاندووە: ئێمە وەک حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ حکوومەتی بنکەفراواندا نین، حکوومەتی بنکەفراوان بۆ ڕازیکردنی حزبەکانە، گوتیشی لە وڵاتانی دیموکراسی و دەستووریدا، هەر حزبێک کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بە دەست دەهێنێت، ئەوە حزبێک کە بەقەدەر ئەو کورسییانەی پێویستیەیەتی، بەشداری پێدەکات بۆ دروستکردنی حکوومەتەکەی، کە ئێستا پارتی 45 کورسیی پەرلەمانی بە دەستهێناوە و دەتوانێت لەگەڵ 11 کورسیی دیکە حکوومەت پێکبهێنێت، بەڵام پێموایە لە ئێستادا پارتی و یەکێتی دەتوانن بە یەکەوە حکوومەت دروست بکەن، وەڵێ دەرفەت هەیە حزبی دیکە بەشداریپێ بکرێت لە کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لەبارەی ئەوەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا چەند حزبێک لە کابێکدا لە حکوومەت بوون، لە پاڵێشیدا هەمیشە وەک ئۆپۆزیسیۆن مامەڵەیان کردووە، محەممەدی حاجی مەحمود گوتی: دەبێ ئەو حزبەی کە زۆرینەی دەنگەکانی بە دەستهێناوە، لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ حزبەکان لەگەڵ ئەو حزبانەدا ببەرپێنێتەوە کە هەر حزبێک بەشداریی حکوومەتی کرد، دەبێت پشتیوانیی حکوومەت بکات و وەک حوکمڕان مامەڵە بکات، نابێ ڕێگە بدرێت بەناو جۆگەکەدا بڕوات یان دەبێت لە حکوومەت بێت یان ئۆپۆزیسیۆن، کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا و لە کۆتایی تەمەنی حکوومەتدا، چەند حزبێک بۆ ئەوەی خەڵک بخەڵەتێنن، لە حکوومەت کشانەوە.

سکرتێری گشتیی حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، زیاتر گوتی: زۆربەی حزبەکان حەز دەکەن بەشداری لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمدا بکەن، بەڵام من پێم وا نییە پێویست بکات هەموو حزبەکان بەشداری لە حکوومەتدا بکەن، جگە لەو حزبانەی کە بە یەکەوە دەتوانن حکوومەت پێکبێنن و ئیدارەی هەرێمەکەمان بکەن، کە دواجار پارتی و یەکێتی دەتوانن بە هاوبەشی حکوومەت پێک بهێنن و هیچ کێشەیەکیشیان بۆ دروست نەبێت.

سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، محەممەدی حاجی مەحمود ڕوونیکردەوە: هەڵومەرجی ئەمڕۆ وا دەخوازێت چارەی کێشەکان بکرێت، کێشەی ناوماڵی شیعە و شیعە هەیە نەک کێشەی شیعە و سوننە، چونکە ئەوەی سوننە بێت یان ڕایکردووە بۆ دەرەوەی وڵات یان هاتووەتە هەرێمی کوردستان، هەروەها دوای ڕێککەوتنی ئەمەریکا و بەریتانیا، عێراق هیچ چارەیەکی نەما جگە لەوەی هەنارەدەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە هەنارەدی دەرەوە بکات، هەمو ئەمانە پێمان دەڵێن فرسەتێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە بۆ کورد، پێویستە ئێمە بتوانین کەڵک لەو فرسەتە وەربگرین.

لەبارەی پێویستیی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، محەممەدی حاجی مەحمود دەشڵێت: پێویستە ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان دەستوور بۆ کوردستان دابنێت، چونکە کوردستان پێویستی بە دەستوورە تا جۆری سیستمی حوکمڕانیی وڵات دیاری بکات و دەسەڵاتەکانی تەنفیزی و تەشریعی و قەزایی دیاری بکات، هەروەها پێوەرێکیش بۆ ئەو کەسانە دابنێت کە وڵات بەڕێوە دەبەن.

لەمەڕ ڕەوشی ئێستای کوردستانیش گوتی: لە دوای 27 ساڵ حوکمڕانی، پێویستیمان بەوە هەیە چاو بخشێنینەوە بە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵاتەکەمان، پێویستە ئابووری کوردستان ڕێکبخرێتەوە و ژیانی هاوواڵتیان باش بکرێتەوە کە ئەرکی حکوومەتە، هەروەها پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم یەکلابکرێتەوە، کە پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان گرنگە و ئەگەر سەرۆکایەتیی هەرێممان نەبێت، پارێزگا بە پارێزگا دەبەسترێنەوە بە بەغداوە، بۆیە پێویستە سیستمی کوردستان لە دەستووردا دیاری بکرێت کە ئێمە چ جۆرە سیستمێکمان دەبێت .

لەبارەی سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش و مەترسییەکانی بۆ سەر عێراق، سکرتێری گشتیی حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان بڕوای وایە، داعش وەک هێز نەماوە، بەڵام فیکرە و ئایدۆلۆژیی داعش ماوە، گرووپێکی ئیسلامی و شۆڤێنیی عەرەبیی توندڕۆ کە دژی هەمو نەتەوەکانن و کەسیان قبوڵ نییە جگە لە خۆیان، ئەمانە لە مێژوودا هەر هەبوون، بەناوونیشانی جیاجیا و بە ناوەکانی حەرەس قەومی و حەرەس جمهوری و فیدایی سەددام و قایدە و جەیشولحور و بەرەی نووسرە، لە ئێستایشدا بەشێک لە داعشەکان مەشقیان پێدەکرێت، ڕەنگە ناونیشانی دیکەیان پێوە بلکێێن و بیاندەن بەگژ کەسانی دیکەدا، هەروەها چەکیان پێ دەفرۆشن و کێشەیان لە ناوچەکەدا پێ دروستدەکەن.

سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، محەممەد حاجی مەحمود ڕاشیگەیاندووە، ئەوەی تا ئێستا لە گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە تەنها ڕاگۆڕینەوە بووە، بۆ پێکهێنانی حکوومەتێش پێویستە سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری بکرێت و دواتر لیستی زۆرینە و کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت دەستنیشان بکرێت. گوتیشی: هەوڵەکان هێندەی بۆ بەشداریکردنە لە حکوومەت و چەند پشکیان هەبێت لە حکوومەت هێندە بیر لەوە ناکەنەوە چۆن خزمەتی خەڵک و وڵات و میللەتەکەی پێببەکەن، کاتێک حزبێک دەیەوێت بەشداری بکات لە حکوومەت بۆچی دەیەوێت بەشداری بکات بۆ خۆی بەشداری دەکات و لە پێناو مانەوەیی و ژیانی خۆیدایە یان بۆ میللەتەکەی دەکات.

باسی لەوەش کرد، پێویستە سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستنیشان بکرێت، دواتر داوا لە گەورەترین لیستی پەرلەمان بکرێت بۆ پێکهێنانی حکوومەت، ئەوکات کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت سەردانی لایەنەکان دەکات. گوتیشی: ئەوەی تا ئێستا پێویستە نەکراوە لە دیاریکردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ڕاسپاردنی گەورەترین لیست و کەسی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت، ئەوەی کراوە لە نێوان لایەنەکان تەنها ڕاگۆڕینەوە بووە لە نێوان خۆیاندا، ئەوەی هەستم پێکردووە هەموو حزبەکان حەز دەکەن بەشداری حکوومەت بکەن، بەڵام ئەوەی چەندیان بەشداری پێدەکەن بڕیارەکە لای پارتی دیموکراتی کوردستان پاشان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت.

محەممەد حاجی مەحمود هەروەها سەبارەت بە حکوومەتی داهاتوو دەڵێت: لە پێکهێنانی حکوومەتی نوێ گۆڕینی دەموچاو و وەزیر و گۆڕینی کابینەکە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئێمە پێویستمان بە بەرنامە هەیە کە ئایا سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان چۆن بەڕێوەدەچێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەستوورمان نییە و بە نەبوونی دەستووریش یاساکان ڕێکناخرێن کە یاساش ڕێکنەخرا مافی تاک و کۆمەڵ دیاری ناکرێت و دەسەڵاتەکان لە یەک جیا ناکرێتەوە، بۆیە پێویستە سەرەتا دەستوورمان هەبێت. ئەگەر حکوومەتی نوێش پێکبهێنرێت، بەڵام سیستمی حوکمڕانی و دەستوور و یاسا بەسەر کارەکانەوە نەبێت، ئەوا وەک کابینەکانی پێشوو دەبێت کە 27ساڵە حکوومەتمان هەیە و پەرلەمانمان هەیە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو دواوە دێینەوە و چارەسەری کێشەکانمان پێناکرێت، بە هۆی ئەوەی پلانێکمان نییە بۆ چۆنییەتی دانانی بەرنامەی داهاتوو، چۆن بۆ سبەی کار دەکەیت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ژیانی خەڵک و پەروەردە و تەندروستی و بوارەکانی ترەوە، لەبەر ئەوە ئەمانە پێویستیان بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە.

سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە بارەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا و کاریگەریان لەسەر حکوومەت دوا و گوتی: بوونی ئۆپۆزسیۆن شتێکی باشە و خراپ نییە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن پێویستی بە یاسایەک هەیە کە یاسای ئۆپۆزسیۆن بێت، ئێمە تا ئێستا یاسایەکمان نییە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لە هەرێمی کوردستان، نازاندرێت کە سنووری ئۆپۆزسیۆن چەندە و چی دەکات و مافی ئۆپۆزسیۆن چەندە، پێویستە لە دەستووردا مافی ئۆپۆزسیۆن دابندرێت وەک چۆن لە هەمو وڵاتانی تری دنیا هەیە. لە خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش هێزی ئۆپۆزسیۆن هەبووە و ژمارەیەکی زۆری کورسی پەرلەمانیشیان هەبووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەتەوە کاریگەری ئەوتۆیان نەبووە و کاریکی وایان پێنەکراوە.

ئۆپۆزسیۆن شتێکی باشە، بەڵام پێویستی بە دەرکردنی یاسای ئۆپۆزسیۆن هەیە


قایمقامی شەرگات: هەڵوێستە مرۆییەکانی سەرۆک بارزانی لە بیر ناکەین



قائمقامی شارۆچکەی شەرگات پێزانینی هەیە بۆ هەڵوێست و بەهاناوەچوونی سەرۆک بارزانی و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ لێقەوماوانی شارۆچکەکەی و دەڵێت، سەرۆک بارزانی لە هەر کوێ بێت ئاگای لە خەڵکەکەیەتی. بەهۆی بارانبارین و لافاوەوە لە شارۆچکەی شەرگاتی سەر بە پارێزگای سەڵاحەددین، زیاتر لە 3000 خانوو ژێر ئاو کەوتوون و 12 کەسیش گیانیانلەدەستداوە و بە هەزاران کەسیش ئاوارەبوون.

قائمقامی شارۆچکەی شەرگات، عەلی دودەح، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: سوپاسی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و تەواوی خەڵکی کوردستان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەکەین، کە بە هاناماندەوە هاتن، ئەو لافاوە زیانێکی زۆر گەیاندووەتە خەڵکی شارەکە، عەلی دودەح هەروەها گوتیشی: هەرگیز ناتوانین ئەو هەڵوێستە گەورەیە لە بیر بکەین، چونکە خەڵک لە ڕۆژێکی سەختدا بوون و خەڵکی کوردستان بە هانایانەوە هاتن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستە مرۆییەکانی سەرۆک بارزانی. لە دوای، لافاوەکە بەشی هاوکاری و فریاگوزاریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، هاوکاریی بەپەلەی گەیاندە شارۆچکەکە و بەپێی هەواڵی میدیاکانیش، ئاستی ئاو لە شارۆچکەکە 1 مەتر بەرز بووەتەوە و لە هەندێک شوێن تەواوی خانووەکان ژێر ئاو کەوتوون. بە هۆی لافاوەکە زیاتر کە 5000 کەس ئاوارە بوون و 12 کەس گیانیانلەدەستداوە کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەتن.

دکتۆر فوئاد حوسێن و شاندێکی باڵای نەرویژی چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێکرد



د. فوئاد حوسێن جێگری سەرۆک وەزیران، هاوکات وەزیری دارایی عێراق لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە کنوت ئیلیف لیان نێردراوی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ و ڕوار هۆگسدال هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانە کرد لە بەغدا. لەم دیدارەدا لیان بە ناوی خۆی و حکوومەتی وڵاتەکەی پیرۆزبایی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق و ئالوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتی حکومی و وەرگرتنی پۆستی تازەی لە د. فوئاد کرد. هاوکات هەردوولا تیشکیان خستە سەر پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و شانشینی نەرویژ و دوایین پێشهاتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، کنوت دووپاتیکردەوە حکوومەتی وڵاتەکەی هەمیشە پاڵپشتیی لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و گەڕانەوەی خزمەتگوزاری لەم وڵاتەدا دەکاتەوە لە ڕێگەی پاڵپشتییکردنی پرۆژەی مرۆیی و سەقامگیری.

لە لای خۆشییەوە د. فوئاد سوپاسی شاندی میوان و حکوومەتی نەرویژی کرد و دووپاتیکردەوە شەڕی حکوومەتی عێراق لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بەڵام فیکرە و ئایدۆلۆژیی داعش ماوە، گرووپێکی ئیسلامی و شۆڤێنیی عەرەبیی تووندڕۆ کە دژی هەموو نەتەوەکانن و کەسیان قبوڵ نییە جگە لە خۆیان، ئەمانە لە مێژوودا هەر هەبوون، بەناوونیشانی جیاجیا و بە سەربازیەوە تەواو بوو و ئێستاش کاتی لەناوبردنی هزری ئیسلامی و ڕێکخراوە و ئاسەوارەکانیەتی لە ڕێگەی دووبارە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەوەشی خستەڕوو تەحەددایەکی دیکە لەبەردەم ئەو حکوومەتە دایە کە خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەبینێتەوە و جەختی لەسەر بڵاوبوونەوەی کولتووری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کردەوە کە لەقۆناغی سەرەتایی قوتابخانەکانەوە دەستپێبکات و بەرەو پەرستگا ئایینیەکان و هەمو بوارەکانی کۆمەڵگا شۆڕبێتەوە تا دەگاتە ئاستی گۆڕینی بیری کۆمەڵگە و دروستکردنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی زانستی و تەندروست.

د. فوئاد ئەوەشی خستەڕوو کە عێراق خوازیارە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جیهانییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە شارەزاییەکانیان لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی پێشکەوتوو، دووپاتیشیکردەوە بونیادنانەوەی ئابووری وڵات شەڕێکی دیکەی ڕاستەوخۆیە لە دژی تیرۆر. هاوکات لیان ئامادەیی خۆشی نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی هەموو پاڵپشتی و ئاسانکاریەک بۆ حکوومەتی عێراق بۆ پێشخستنی توانەکانی دامودەزگاکانی حکوومەتی عێراق و یارمەتیدانی ئەم وڵاتە لە بواری مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا. شیاوی باسە لەم دیدارەدا سێللجی براین ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی نەرویژ ئامادەبوو.

حکوومەتی عێراق پارەی بانکێک و دامەزراوەیەکی ئێرانی سڕ کرد



ڕۆژنامەی (عوکاز)ی سعوودی، بڵاوی کردەوە، کە عێراق پارەی بانکێک و دامەزراوەیەکی ئێرانی بەتۆمەتی پشتیوانیکردنی گرووپی تیرۆریستی لەعێراق، سڕ کردووە. بەگوێرەی باسنیوز، ڕۆژنامە سعوودییەکە لە ڕاپۆرتێکیدا کە دوێنێ سێشەممە بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی: بۆ یەکەم جارە، دەسەڵاتدارانی عێراق بریاری سڕکردنی پارەی گواستراوە و نەگوازراوە و سەرچاوە ئابووریەکانی بانکی "سینا" و گرووپی "بەهمەن"ی ئێرانی، دەدات. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، لیژنەی ئابووری حکوومەتی عێراق، ئامازەی بەوە داوە، کە بڕیارەکە بەپشتبەستن بە یاسای نەهێشتنی ششتنەوەی پارە و پشتیوانیکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان، دەرکراوە. ئاشکراشی کردووە، کە ڕێکارەکان ئاراستەی بانکی ناوەندی عێراق کراوە، بۆ ئەوەی لای خۆیەوە ڕێکاری پێویست بەرامبەریان بگرێتەبەر.

د.فوئاد حوسێن: کار بۆ بونیادنانی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین



دوێنێ سێشەممە 27ی تشرینی دووەمی 2018 بەڕێز د.فوئاد حوسێن جێگری سەرۆک وەزیران/وەزیری دارایی لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز سیریل نان باڵیۆزی ئەڵمانیا لەبەغدا و بەڕێز مارسیل ڤاینهۆڤن سەرۆکی کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی و شاندی یاوەریان کرد. لەم دیدارەدا بەڕێز نان کورتە باسێکی لەبارەی کاری کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی پێشکەش کرد کە لەبواری پێشخستنی تواناکان و بونیادنانی دامودەزگاکا فەرمیەکان لەبواری وەبەرهێنان و هاندانی کەرتی تایبەت. د. فوئاد دووپاتی لەسەر گرنگی کاری هاوبەش کردەوە لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان کە شارەزاییەکی زۆریان لەبارەی زانیاری و تەکنەلۆژیاوە هەیە و ئامادەی بۆ ئەوەش کرد حکومەتی عێراق هانی ئالوگۆڕی شارەزایی و سوودوەرگرتن لەو شارەزایانە دەدات بۆ پێشخستنی ئابووری و دام و دەزگاکانی بواری بانکی. سەرۆکی کۆمەڵەی ئەڵمانی لەلای خۆیەوە دیدی تایبەتی خۆی لەبارەی نەمانی مەرکەزییەت لە حوکم و لە سیستەمی سیاسی و دابەشکردنی بەرپرسیاریێتی پێشکەش کرد و بەڵێنی بە د.فوئاد دا لێکۆڵینەوە لەم دیدوبۆچوونە بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. د. فوئاد دووپاتیشی کردەوە عێراق کار بۆ بونیادنانی پەیوەندی پتەو لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەکات بۆ سوودوەرگرتن لەتواناکانیان لە بواری زانیاری و تەکنەلۆژیا بۆ بونیادنانی عێراقێکی پێشکەوتوو.



میدیاکانی ئەڵمانیا:
لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێرگومان لە کڕین و فرۆشتنی ڤیزا دەکرێت

میدیاکانی ئەڵمانیا باس لە گەندەڵی لە کەیسی ڤیزای وڵاتەکەیان لە کونسوڵخانەی هەولێر دەکەن و ئاشکرای دەکەن، کە بە بڕی 12 هەزار دۆلاری ئەمەریکا ڤیزای ئەڵمانیا فرۆشراوە. لە ڕاپۆرتێکدا کە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی (شپیگێل)ی ئەڵمانی بڵاوی کردووەتەوە و باس لە کەیسی پەنابەرێکی سووری دەکات، کە خێزانەکەی و مندالەکانی لە ساڵی 2015وە نیشتەجێی ئەڵمانیان، بەڵام خۆی نەیتوانیوە بگاتە ئەم وڵاتە تا ئەو کاتەی ڤیزای ئەڵمانیای بە بڕی 12 هەزار دۆلار لە کۆنسوڵخانەی ئەم وڵاتە لە هەولێر کڕیوە. ئەم پەنابەرە سووریە کە بە ناوی (جاسم)م ناسێنراوە، ئاشکرای کردووە کە لە کافێیەکی هەولێر لەگەڵ کەسێک ئاشنا بووە کە بەم بڕە پارەیە ڤیزاکەی بۆ وەرگرتووە و دوای گەیشتنی بە ئەڵمانیا، لە 2017/10/18 پارەکەی پێداوە.

لێکۆڵەرەوەیەک کە لەسەر کەیسی هاوشێوەی گەندەڵی لە کونسوڵخانەکان و باڵیۆزخانەکان کاری کردووە، بە ماڵپەڕی شپیگێلی ڕاگەیاندووە، کە جیاوازی کولتووری و داهاتی کەمتری کارمەندە خۆجێییەکانی کونسوڵخانە، لە بەرامبەر مووچەی بەرزی کارمەندە ئەڵمانییەکان هۆکارێکن بۆ ئەم جۆرە لە گەندەڵی. ڕاپۆرتەکە ئاشکراشی دەکات، کە دەڵاڵەکانی ڤیزا لە چەند کافتریایەکی دیاریکراوی هەولێر دادەنیشن و خەڵکی دەتوانن لەم شوێنانە ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دەست پێ بکەن، ئەم دەڵاڵانە پەیوەندییان لەگەڵ کارمەندە خۆجێییەکانی ناو کونسوڵخانە هەیە بۆ زامنکردنی وڵامێکی ئەرێنی لەسەر داواکاری ڤیزای ئەو کەسانەی پارە دەبەخشنەوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕای گەیاندووە کە ئەوان چەندین ڕاپۆرتی لێکۆڵەرەوەکانیان پێ گەیشتووە و هەنگاوی پێویستیش بۆ ڕێگەگرتن لە حاڵەتی هاوشێوە گیراوەتە بەر. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەم پەنابەرانە دوای گەیشتنیان بۆ ئەڵمانیا و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی، بە ئاشکرا شێوەی کڕینی ڤیزاکانیان لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر باس دەکەن، وەک لە کەیسی هاووڵاتییەکی سووری بە ناوی دڵبرین کە ئاشکرای کردووە بە بڕی سێ هەزار دۆلار ڤیزای ئەڵمانیای لە کەسێک کڕیوە و ساڵی 2017 بە ڕێگەی فڕۆکەخانە و بە فەرمی خۆی گەیاندووەتە ئەڵمانیا.

ڕێڤینگ هروری

دیار نیە تاکەی دانیشتنەکەی پەرلەمان بەکراوەیی دەمێنێتەوە
لەدەرەوەی پەرلەمان و لەنێوان لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان دەکرێت



ڕێڤینگ هروری سەرۆکی کاتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، دەڵێت، لەپێش کۆبوونەوەکەی پەرلەمان لە 6ی11 هەموو فراکسیۆنەکان جگە لە کۆمەڵی ئیسلامی و نەوەی نوێ، داوایەکیان بۆ من بەرزکردەوە کە تا ڕێکەوتنی لایەنەکان لەسەر پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەت دانیشتنەکەی پەرلەمان بەکراوەیی ببێتەوە، کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ هێشتنەوەی ئەو دانیشتنە بەکراوەیی بەڵکو ئەوە دەکەوێتە سەر ڕێککەوتنی لایەنەکان هەرکات گەیشتنە ڕێککەوتن "ئیعاز"یان بە ئێمە دا ئێمە لەدوو ڕۆژدا کۆبوونەوە ڕێکدەخەین، ڕێڤینگ هروری لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: پارتی هەوڵدەدات کە یەکلاییکردنەوەی پۆستەکانی حکوومەت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێش کۆتایی ئەمساڵ یەکلایی ببێتەوە، لەبارەی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەری سەرۆکی کاتی پەرلەمان ڕایدەگەیەنێت: کاتێک یاساناسان ئەو سکاڵایەیان بینی وتیان ئەو سکاڵایە بەشێوەی یاسایی تۆمارنەکراوە و بەیاسایی بۆت نەهاتووە، مەرجی یاسایی نییە، وە شێوەی سکاڵایەکی یاسایی نییە و کەموکوڕی هەیە. جگە لەوە هیچ پێشنیارێک بۆ من نەهاتووە جگە لەوە بەجێهێشتنی دانیشتنەکە بەکراوەیی و پێم وانییە ئەوەش ئەوەندە نایاساییەکی گەورە بێت.

ڕێڤینگ هروری دەشڵێت: لەکوردستان بەهۆی نەبوونی دەستوورەوە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران دەردەچن، هەر زۆرینەش داوایان لە من کرد کە دانیشتنەکە بەکراوەیی بەجێبهێڵێن، ڕاستە دەبوو لەیەکەم دانیشتن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرایە بەڵام بەداخەوە لەلایەن زۆرینەوە هیچ پێشنیارێک بۆ من نەهاتووە جگە لە بەجێهێشتنی دانیشتنەکە بەکراوەیی وە پێم وانییە ئەوەش ئەوەندە نایاساییەکی گەورە بێت.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ئامادەی بچیتە بەردەم دادگا ؟ سەرۆکی کاتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق گوتی: خۆی پەرلەمانتار "حەسانە"ی هەیە، وە ئەو سکاڵایەش هێندە یاسایی نەبوو بەڵام سکاڵاکە پارێزەر پێیدا دەچێتەوە چی پێویست بوو دەیکات، بەڵام چوونە بەردەم دادگا ئاساییە، بەڵام وەک گوتم ئەو سکاڵایە هێندە یاسایی نەبوو.

دەربارەی ئەوەی ئایا دانیشتنی نێوان فراکسیۆنەکان هەیە لەپەرلەمان بۆ باسکردنی ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکانی حکوومەت و پەرلەمان، ڕێڤینگ هروری گوتی: یەکەم ڕۆژ وەک فراکسیۆنی پارتی سەردانی هەموو فراکسیۆنەکانمان کرد هەروەک وتم بەو ڕۆحە کوردستانییەی کە بڕیارماندا کار بکەین وە گفتوگۆ هەیە بەڵام ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان لەدەرەوەی پەرلەمان لەنێوان لایەنە سیاسیەکان دەکرێت نەک لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان. سەرۆکی کاتی پەرلەمان گوتیشی: یەکلاییکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیوەندی هەیە بە ڕێککەوتن لەسەر پۆستە حکومیەکان لەنێوان لایەنە سیاسیەکان هەرکات لایەنە سیاسیەکان گەیشتنە ڕێککەوتن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلایی دەبێتەوە، کە ئەگەری هەیە نەک 100%وەک "ئیحتیمال" سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی بێت.

هەروەها دەڵێت: تا ئێستا چ لەلایەن پارتی یا یەکێتی هیچ کاندیدێک بۆ پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلایی نەکراونەتەوە ئەوانەی دەگوترێن تەنها پێشبینین، بەڵام پارتی مافی هەیە دوو کەسی لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبێت، بەڵام دیسان ئەوەش دەکەوێتە سەر سەرکردایەتی پارتی و ڕێکەوتنی لەگەڵ لایەنەکان لەسەر پۆستە حکومیەکان.

گوتیشی: پارتی هەوڵدەدات کە یەکلاییکردنەوەی پۆستەکانی حکوومەت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پێش کۆتایی ئەم ساڵ یەکلایی ببێتەوە.

جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران: سزاکانی ئەمەریکا قازانجەکانی ئێرانی لە سفر نزیک کردووەتەوە



جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباس عراقچی ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو سزایانەی ئەمەریکا لە پاش کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی سەپاندوویەتی ئەو دەستکەوتانەی ئێرانی لە سفر نزیک کردووەتەوە کە لە ڕێککەوتنەکە دەستێخستبوون، هۆشداریشیدا لەوەی ئەگەر ئەو هەڵومەرجە بەردەوام بێت ڕێککەوتنەکە ناتوانێت بەردەوام بێت. ئاژانسی هەواڵیی IRNA بڵاویکردەوە، عەباس عراقچی لە میانی گوتارێکیدا لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە وزە لە بڕۆکسل، باسی لەوە کردووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی سەرکەوتنێکی سیاسیی گرنگە و ئێران پابەندە بە بەڵێنەکانی ڕێککەوتنەکە. عەباس عراقچی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی کە چاودێرە بەسەر ڕێککەوتنەکەوە دەیانجار دڵنیایی داوە لەوەی ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکەیە، ئاماژەی بەوەیش کرد کە لە بەرامبەر ئەوەدا بە هۆی تاک لایەنە سەپاندنەوەی سزاکانی ئەمەریکاوە ئێران لە ڕووی ئابووریيەوە هیچ سوودێک ناکات. جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران باسی لەوەش کرد کە ئەمەریکا ڕێککەوتنەکەی پێشێلکردووە و گوتی: هێنانەوەی سزاکان لە لایەن ئەمەریکاوە، ئەو دەستکەوتانەی کە ئێران لە ڕێککەوتنەکە بەدەستیهێنابوون لە سفر نزیککردەوە. ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتییە کە لایەنەکان لە بڕیاری ژمارە 2231ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسەندیان کردووە. پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. ئەگەر بێت و ئێران نەتوانێت سوودمەند بێت لە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتنەکە، ئەوا ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوە. عەباس عراقچی جەختی لەوەشکردەوە کە پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنی جێبەجێکردنی میکانیزمێکی تایبەت بە پێدانی پارە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی یەکێتیی ئەورووپا بتوانن لەگەڵ ئێراندا بەبێ ئەوەی سزاکانی ئەمەریکا کاریگەرییان لەسەر دابنێت، کارێکی ناچارییە.

ئێران... تیرۆرکردنی زانایەکی ئەهلی سوننە



مەولەوی عەبدولغەفور جەمالزەهی، ئیمامی ئەهلی سوننەی گوندی ڕزانابادی ناوچەی فینەدەرسکی سەربە پارێزگای گولستان باکووری خۆرهەڵاتی ئێران لە پەلامارێکی چەکداریدا، تیرۆرکرا. تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، جەمالزەهی لە دوای نوێژی بەیانی کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە ڕووبەڕووی پەلاماری چەکداری بووەتەوە و لە ئەنجامدا گیانی لەدەستداوە. مامۆستا جەمالزەهی، گوتاربێژی هەینی ئەهلی سوننەی شاری ئازادشەهر، مەولەوی گورگیچ لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئیدانەی هێرشەکەی کرد و داوای لە کۆمەڵەی ئەهلی سوننەی ناوچەکە و خانەوادەی جەمالزەهی کرد دان بەخۆیاندا بگرن. مەولەوی گورگیچ داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد هەرچی زووە ئەنجامدەرانی هێرشەکە دەستگیر بکات و بەسزایان بگەیەنێت. زیاتر لەسەدا 40ی دانیشتوانی پارێزگای گولستان باکووری خۆرهەڵاتی ئێران لە سوننە مەزهەبەکان پێکهاتووە.

قاشێکی بڕیاری حکوومەتی کوردستان
لەسەر دەوا و دەرمان



کاروان کەریخان

لە سەردەمی ئێستادا کە ڕایەڵە و پڕی کاری دەوڵەتەکان ئاڵۆز و دامێنی ئامانج و ئەرکەکانیان بەرینتر بووە، ساغی هاوواڵتیان و دابینکردنی خواردن و خۆراکی پاک و باشیش بە یەکێک لە ئامانج و ئەرکەکانی دەوڵەت دادەنرێت. لەم کەلێنەوە دیارە یەکێک لە پێکهاتەکانی بەرنامە داڕشتن و کاری حکوومەت پێشکەشکردنی خزمەتی تەندروستی و سیاسەتی ساغلەمیە. ڕوونە کە لە سەردەمی ئێستادا حکوومەت کردن بە بێ هاوکاری خەڵک کارێکی پڕ زەحمەتە بۆیە پێویستە بۆ بردنە سەری ئاستی بەشداری خەڵک دەبێ لە بیر لە خزمەتگوزاریەکان زیاتر بکرێتەوە، یەکێک لەو کارە حزمەتگوزاریانەی کە پەیوەندی بە هەموو شتێکی ناو کۆمەڵگا هەیە و کۆمەڵگایەکی خاوێن و ژیر و ئارام دروست دەکات خزمەتی تەندروستی و ساغلەمیە. ئەم جۆرە خزمەتە مافێکی مرۆڤایەتیەو حکوومەتەکان بە پێی توانایان نەک دەبێ خزمەت بە هاونیشتیمانیانی خۆیان بکەن، بەڵکو لە کاتی پێویست دەبێ خزمەتی تەندروستی پێشکەش بە لێقەوماوانی وڵاتانی تریش بکەن. لەو ناوەدا حکوومەتی کوردستان بەهەموو سنوردارییونی توانای و کێشەکانی تا ئێستا زۆر کاری خزمەتگوزاری تەندروستی بەرچاوی ئەنجام داون و دەکرێ بڵێین بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی داگیرکاری عێراق پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوەبینیوە و بە بەراورد لەگەڵ ئێستای عێراقی تەزویریش حکوومەتی باشتر و خەمخۆرترە، بەڵام لەگەڵ تەندروستی بۆ خەڵک و حکوومەت ڕوونکردەوە. ئەم بەرنامەیە پنتێک بوو لە زەنگوڵەی مەترسی و بێ گومان کاری ئەم بەڕێزە کاریگەری زۆری هەبوو لە سەر فەرهەنگی بەکارهێنان و وشیارکردنەوەی خەڵک و بووە مایەکرۆفۆنی خەڵکی هەژار و لە ڕاستیدا لایەنی پەیوەندیداری بۆ ئەم پرسە بزواند و مووی لە جەستەی منیش سیخکرد. هەروەها لە دوای ئەم بەرنامەیە ڕوون بوویەوە کە لێرە دەواو دەرمان دەردیان هەیە و دەرمانی ئێمە دەرماندا و کراوە و خودی دەرمانەکەشپێویستی بە دەرمان هەیە.

لە سەر هەموو ئەو گرفتانە ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە کاری سیاسەتی تەندروستی کاری ڕۆژنامەنووس و دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکار و پزیشکێک نییە، بەڵکو ئەم جۆرە کارە دەبێ لە ڕێگەی کەسانی شارەزا و لێکۆڵینەوە زانکۆییەکان ئەنجام بدرێت و کەسانی شارەزای بەڕێوەبردنیش بە دیدگای جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و... سیاسەتی سەلامەت و ساغلەمی بەرێ بکەن و ناکرێ کاری سیاسەتی تەندروستی بە پزیشک و ئەندازیار و ڕاگەیاندنکار بسپێردرێت... بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە بەرنامانەش دەتوانن کاریگەر بن و کەلێنێک پڕبکەنەوە و بەڕاستی جێی دەست خۆشین.

لێرەدا ئەوەی زیاتر دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە نیشان درا حکوومەت بە گشتی و پایەبەرزی سەرەک وەزیرێش بە تایبەتی زۆر دڵسۆزانە و پێشمەرگانە بۆ چارەسەری ئەم پرسە هاتۆتە مەیدان و سەلماندی کە حکوومەتێکی خەڵکەمەداری بۆ کابینەکانی داهاتووی حکوومەتی کوردستان مەبەستە. لێرەدا ئەوەش دەردەکەوێ کە حکوومەتی خۆمالّی خۆشیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەردی خەڵک لە لایەن سەرانی حکوومەتی خۆمالّی زۆرتر هەستپێکراوە و دڵسۆزانەتر کاری بۆدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی هیوادارم لە کوردستان سیاسەتێکی باشی ساغلەمی بەشێوەیەکی زانستی بناغەڕێژ بکرێت و ئەخلاقی پزیشکی زیاتر بلاوبکرێتەوە و ڕوحیەتی پێشمەرگایەتی بڕۆێتە ناو بیری پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، هیوادارم هەنگاو و بڕیارەکانی پایەبەرزی سەرۆک وەزیریش بە ڕێککردنی یاسای گۆڕانجاو بە مەیدانی بکرێن و ئاسایشی دەرمان بۆ خەڵکی بگەڕێتەوە و کەرتی تەندروستی ببێتە خاوەن بنەمانامە و سیاسەتی ژێرخانی دیاریکراوی وەک پێشکەش کردنی خزمەتی فێرکاری و لێکۆڵینەوەیی و تەندروستی، وشیارکردنەوەی خەڵکی لە مافە تەندروستیەکانیان، بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پێشگرتن لە نەخۆشی بە شێوەیەکی زانستی، کەمکردنەوەی هۆکارەکانی دروستبوونی نەخۆشی، بەرزکردنەوەی هۆکارەکانی ساغی، گرینگیدان بەئاسایشی خۆراک و خواردنەوە و وەرزش، گرینگیدانی سەلامەتی دەروونی و... هتد.

هەر لەم سۆنگەوە هاوتەریب لەگەڵ بڕیارەکانی ڕێزدار سەرۆک وەزیران چەند ئاراستەیەک بوونەتە دڵنووسی ئەم بابەتە، پێم خۆش بوو، ئاراستەوە کانم لێرەش وێرد بکەمەوە، چونکە دڵنیام ئاراستەی زۆر کەسی تریشە. هیوادارم ڕۆژێک دابێت کە گەندەڵی لە کەرتی تەندروستی باری لێبنێ و بڕوا و گەندەڵی کەرتی تەندروستیش دەرمان بکرێت، یاسای تەندروستی و ساغلەمی بۆ بەرگری کردن لە نەخۆش و هاوواڵتیان و مافی پزیشک و پەرستاران بەهێز بکرێت، ئەخلاقی پێشمەرگایەتی ببێتە گوتاری کەرتی تەندروستی و بازرگانانی دەرد و کەفن پیشەیەکی مرۆڤانەتر هەڵبژێرن، بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی بە پزیشکان نەسپێردرێت، لە نێوان هەرچەند کیلۆمەترێک ئۆرژانسی نێوان ڕێگا دابنرێت و ئامبۆڵانسی زەمینی و هەوایی خۆی هەبێت، گەرەکەکان ئامبۆڵانسی تەلەفۆنی بەخۆڕاییان هەبێت، نەخۆشخانە و خزمەتگوزاری تایبەت بە پێشمەرگە، قوتابی، مامۆستا، خانەوادەی شەهیدان و پەککەوتەکان بکرێتەوە، بیمەی تەندروستی دابنرێت و مامۆستا، قوتابی، پێشمەرگە و بنەماڵەی شەهیدان بیمەی تایبەتییان هەبێت بۆ ئەوەی خەڵک جگە لە ئازاری جەستە ئازاری بێ پارەییش نەچێژن، پێدانی قەرزی نەخۆش ببێتە بەشێوەیەکی زانستی و بەڕۆژکراو، گرینگی بدرێتە پەرتوکی زانستی زانکۆیی و وەرگێڕانی پەرتوکی زانستی زیاتر بکرێت، ناوەندی زانستی سیاسەتی سەلامەت و دەرمان دابمەزرێت، گرینگی بدرێتە E-Health و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ بەرزکردنەوەی سەلامەت و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کەمکردنەوەی ڕۆژتینی کاری ئیداری و کەمکردنەوەی تێچوو، پەیوەندی زانستی و خزمەتگوزاری لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بەهێزبکرێت، کەرتی تەندروستی بە پێی شیاو بوون و پێویستی سااڵنە قوتابی ڕەوانەی دەرەوە بکات، سیستەمی خوێندنی ئامادەیی بگۆڕدرێت و قوتابیانی ئارەزوومەند بەشە جۆراوجۆرەکانیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی زەمینەی بە هێزکردنی زانکۆی پزیشکی زووتر لەبار بکرێت، لە قوتابخانەو زانکۆ و شوێنە وەرزشییەکان دەورەی دەهاناوەچوونی سەرەتایی و دەورەی هاوکاری بریندارانی ڕووداوە لە ناکاوەکان بکرێتەوە، پێداچوونەوە بۆ شێوازی وەرگرتنی قوتابیان لە بەشەکانی پزیشکی بکرێتەوە و چیتر کۆڤرەی دواناوەندی بە تەنیا نەبێتە پێوەری ناردنی قوتابیان بۆ بەشی پزیشکی... لە کۆتاییدا دەڵێم هیوادارم چارەسەرکردنی گرێ و گۆڵی کەرتی تەندروستی بە سیاسەتی باش و بە ئامرازی یاسا بە تۆکمەیی دابنرێت و پێویستی بە ڕەنجە ڕەنجوڕەکان نەبێ، چونکە کاری من و ئەو وپزیشک نییە و دەیان ئارەزووی تر... ئارەزووش بۆ گەنجان شووڕەیی نیە.



هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە:
دەستگیرکردنی هاوڕێیانمان هەوڵی بەڕێوەبردنی وڵاتە بە عەقڵییەتی چەتەگەریی

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەڵلی لە گوتارێکدا لە میانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمان کە دوێنێ سێشەممە بەڕێوەچوو، ئاماژەی بەوە کردووە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پارتەکەی و کارمەندانی سەندیکاکان دەستگیرکراون و گوتی: ئەم بەیانییە هەڵساین و دیسان 23هاوڕێی دیکەمان دەستبەسەرکراون. هەموو بەیانییەک دەستگیرکردنی هاوڕێیانمان پێدەگات. تاکە شتێک کە دەیزانن بێ یاساییە، هەوڵی بەڕێوەبردنی وڵاتە بە عەقڵییەتی چەتەگەریی. ڕێگە بەمە نادەین.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە لەبارەی بڕیارەکەی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا ڕوونە. لە بنەڕەتدا بڕیارەکەی پەیوەست بە سەڵاحەددین دەمیرتاش، وانەی یاسایە بە وڵاتێک دەدرێت. وانەیەکە بۆ ئەوانەی کە لەم وڵاتەدا یاسا ناناسن و سەروەریی یاسایان لەناوبردووە. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەڵلی جەختیشی لەوەکردەوە کە دادگاکە لە ڕابردوودا ئازایەتی ئەوەی نەبووە هەندێک بڕیار دەربکات و گوتی: لە هەریەک لە بڕیارەکانی پەیوەست بە ئۆجالان و ئەوانەی کە تایبەت بە دوورخستنەوەی هاوڕێیانمان لە ڕێگەی بڕیارنامەکانەوە، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بووە دیلی سیاسەت. بۆ یەکەمجار بڕیارێکی زۆر گرنگی دەرکرد. ئەم بڕیارە کە داویەتی لە زۆر ووەوە خاوەنی گرنگییەکی زۆرە. سەزایی تەمەڵلی بەپێویستیشی زانی هەرچی زووە دەمیرتاش ئازاد بکرێت و گوتی: ئەو کاتەی بڕیارەکە ڕاگەیەندرا، ڕەنگە زۆژێک پێشتر یان لەو کاتژمێرانەدا، داواکاری گشتیی کۆماری لە ئەنقەرە لە کۆشک فەرمان وەرگرێت. دەزگای دادوەری بە فەرمان کار دەکات. دادوەران و داواکارانی گشتیی لەو وڵاتەدا دوورن لە جێبەجێکردنی یاسا. بێ توانان. سیاسەت بالّی کێشاوە بەسەر تەواوی هۆڵەکانی هەموو دادگاکاندا. هاوکات سەزایی تەمەڵلی باسی لەوە کرد کە ئاک پارتی لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکاندا دووچاری سەختی بووە لە دۆزینەوەی کاندید و گوتی: سەرۆک شارەوانی بە قەییومداندراوی دیاربەکریان کردۆتە کاندید. سەرۆکی پێشووی شارەوانی قەیسەریبیان کردۆتە کاندید بۆ ئەنقەرە. لێرەوە جارێک پرسیم 'دۆسیە 26 لاپەڕیەکەی گەندەڵیت کوا؟. مادام ئێستا بوویە کاندید وەرە با بزانین لەو دۆسیە 26 لاپەڕیەدا چی نووسراوە. ئابووری ئیزمیری تێکدا و ڕۆیشت و زیبەکجی-یان کردۆتە کاندید لەوێ کە پیاوسالاری بەسەر زمانیدا زاڵە. ئێمەش لەبەرامبەر هەموو ئەمانە کاندیدانمان (داکۆکیکاری مافی) گەل، زەحمەتکێش و ژنان دەبن.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە جەختی لەوەش کردەوە لە هەموو شوێنێکی تورکیا ڕێز لە ئیرادەی خەڵک دەگرن و گوتی: کاری لە پێشینەمان ئێستا ئەوەیە لەو دەسەڵاتە بێبەزەیی و عەقڵیەتە فاشییە ڕزگار بین. بۆیە لە پێناو ئیرادەی خەڵک هاوپەیمانی بەهێز پێکدەهێنین. ئەگەر لە شوێنگەلێک ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنین ئەوا ڕێگا لەبەردەم ئاشتیدا دەکرێتەوە.





بەهزاد حەویزی

قۆناغێکی نوێ یان نوێتر...

پەیوەندییە سیاسییەکان و دیپلۆماسیەکان لەسەر ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان بینا دەکرێن، جا چ لەسەر ئاستی دەوڵەتان بێ یا هەرێم، یا کوتلەی سیاسی یا حزب، پچڕان و بەردەوام بوونیشی پەیوەستە بە چەندین هۆکار.

پاش (2003)ەوە ئەمریکا یەکێک بوو لەو دەوڵەتە زلهێزانەی بەناچاری بەو مۆدیلە نوێیەی سیستەمی سیاسی لە عێراق ڕازی بوو بۆ دارژتنی بنەماکانی دەوڵەتێک نموونەومۆدێلی دیموکراسی بێ لە نێو دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئێکی گەورەیشی هەبێ لە بونیاتنانی کۆڵەگەکانی ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچەکەدا.

کەچی وادەرنەچوو، زنجیرەیەک شەڕو مالوێرانی و پەتای گەندەڵی و کارەسات بەدوای کارەسات یەک بەدوای یەک داهات، هۆکاری ئەو شکستەیەک لەدوایەکانەش زۆرن لەوانەش:

1-دەستێوەردانی دەرەکی نەخاسمە(وڵاتانی دەرودراوسێ).

2-سەرهەڵدانی داعش و هاوپەیمانەکانی لە پاشماوەی ڕژێمی بەسەرچوو.

3-هەڵوێستی هەندە دەوڵەتی دیکەی ناوچەکە(کەنداو)دژ بە مەددی شیعەگەڕێتی.

لەو ماوەیەدا بەرزی و نزمی بەو حوکمڕانیەوە دیار بوو، ئەمریکاش دەزانێ و درک بەوە دەکا، چارەی ئەو کێشەیەی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق(کورد، سوننە، شیعە) چەندە ئەستەمەوهۆیەکانیشی چین.

لەراستیا سیستەمی سیاسی عێراق بەهۆی ئەو ئیرسە ستەمکاریەی و شکستی سەرکردە سیاسیەکان لە ئیدارەدانی دەوڵەت پاش نیسانی (2003)ەوەن ناتوانێ ئیندیاجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیناکردنی دەوڵەتی دامەزراوەیی، بەدیبێنێ بەجۆرێک بتوانێ پرەنسیپەکانی هاوواڵتیتی و یاساوەدستوور پیادە بکات لە چوارچیوەی دەوڵەتدا.

پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە ئایا عێراق لە بازنەیە(High Alert) واتە ئەو دەوڵەتانەی لە ژحاڵەتێکی مەترسیداری شکستن-عێراقیش بەپلەی یەکەم هەر لە نیسانی(2003)ەوە دەوڵەتێکی شکست خواردووەوە دەتوانێ بکەوێتەوە سەرڕاستە ڕێی خۆی؟..

کەواتە چارە چییە؟

تەرحێک هەیە بەناوی ((دابەشکاریی نەرم)) "Soft partition" ...

ئەو تەرحە لێکترازانی عێراق نییە بۆ سێ بەش-دەوڵەت-بەڵکە دابەشکردنی دەسەڵاتە لە مەیانی دامەزراندنی هەرێم، دەستووری عێراقیش مافی ئەوەی داوە پارێزگاکان هەرێم پێکبهێنن، کەواتە دەکرێ سێ هەرێم لە عێراقدا هەبن.

ئەو قۆناغەش بە شێوەیەکی کاتیی سڕبووە، بۆیە بۆ قۆناغێکی نوێتر پێویستەو گرنگە چەند هەنگاوێک بنرێ، لەولنە: سنووورێک بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دابنرێ، سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیش بەپێی بەندوبڕگەکانی دەستوورو لەسەر بنەمایەکی نوێی شەراکەت، تەوافوق، دابەزرێتەوە، لەهەموو بوارەکانیش دەست بە چاکسازی بکرێ.

لەو سونگەیەوە سەردانەکەی(سەرۆک بارزانی)بۆ بەغدا - بەپێی ڕاوبۆچوونی سەرکردەوکاربەدەست و بەرپرسانی عێراق و دەرەوەوچاودێروتۆژەرانی سیاسی- گرنگی و بایەخی خۆی هەیەو وەک خاڵی وەرچەرخان لەپەیوەندی نێوان هەولێر-بەغدا قسەوباس و گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێ لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق تەنانەت ناوچەکەو جیهانیش، بێگومان کەسایەتی(سەرۆک بارزانی)و کاریزمایی و پێگەی کەسێتی و سیاسی بەهێزی ئەو ڕۆڵی خۆی هەبووەودەبێ، جگە لە سەنگوهێزی پارتی لە هەرێم و عێراق نەخاسمە پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان لە عێراق و هەرێم.

کەواتە ئاسۆیەکی ڕوون و دڵخۆشکەر چاوەڕێی کوردستانیانی هەرێم دەکات لە چارەکردنی ئەو کێشەوگرفتانەی هەبوون لەوانەش: کێشەی بودجەوکۆتایی هێنانی واقیعی سەربازی لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان و مادەی(140)و چەندین دۆسیەوبابەتی دیکەی پەیوەست بە هەردووڵاوە، جگە لە پێکهێنانی کابینەی نوێ و بارودۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە.


گەلی دهۆک

ئاستەنگ و ئەرکەکانی کەرتی گەشتیاری لەبەردەم کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا



نادر روستی

12 کێشەی سەرەکی کە 94 هۆکار و 18 پێشنیار بۆ چارەسەر لە خۆدەگرێ، هەندێکیان کۆنترۆڵ دەکرێن و هەندێک کۆنترۆڵیان سەختە یان ماوەیەکی درێژی پێویستە، گرنگە لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی کارکردنی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دابن و بە دید و لۆژیکێکی کارگێڕی و ئابووریانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە زنجیرەک وتارێک کێش و هۆکارەکان و ئەرکەکان و پێشنیار و چارەسەرەکان بخەمەڕوو:

2- کێشە گشتییەکان

کۆمەڵێک کێشە هەیە کە ڕۆژانە گەشتیار بە دەستیەوە دەنالێنێت وەک: (خراپی ڕێگەکان و پیسکردنی ڕێگەوبانەکان و پیسکردنی سروشت و شوێنەکانی گەشتیاری و نزمی کوالیتی خزمەتگوزاری لە بەشێکی زۆری ناوچەکان و هەبوونی کارمەندی بیانی لە شوێنەکان و نەزانیینی زمانی گەشتیاران و کێشەی نەبوونی ئاوەدست و کێشەی خراپی و نەبوونی گەراجی یان شوێنی وەستانی ئوتومبێل...، هەندێک لە کێشەکان پەیوەندیان بە وەزارەتەکانی ترەوە هەیە وەک پیشتر باسمان کرد، بەڵام هەندێکیان پەیوەندیان بە دامەزراوە گەشتیاریەکان هەیە. سەرەڕای ئەمانە هەندێک لەمانە و هەندێک کێشەی تر لێرە دەخەینەروو:

* کێشەی زەوی و خاوەندارێتی زەوی: زەویە شیاوەکان بۆ پڕۆژەی گەشتیاری سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و دارایین و بە ئاسانی نادرێن بە پڕۆژەی گەشتیاری.
* نەبوونی تاپۆ: نەبوونی تاپۆی زەوی بۆ هاوڵاتیان لە ناوچە شاخاویەکان کێشەی بۆ پڕۆژەی گەشتیاری دروست کردووە، چونکە بە ئاسانی پڕۆژەی گەشتیاری لەسەر دروست ناکرێت و ڕێگەیان پێنادرێت.
* هەندێک لە زەویەکانی گەشتیاری خەراپ بەکارهێنراون و زیادەڕۆیان کراوەتە سەر یان بۆ پڕۆژەی تر بەکار هاتوون.
* کێشەی کولتووری (دابونەریت)، بە هۆی دابونەریتی ئاینی وهەندێک دابونەریتی داخراوی هەندێک ناوچەی کوردەواری لە هەموو شوێنێکی کوردستان بە ئاسانی ڕێگە بە هەموو جۆرە پڕۆژەیەکی گەشتیاری نادرێت، یاخود هەندێک چالاکی گەشتیاری کە لە وەڵاتان دەکرێت، بەڵام بە تایبەت بۆ نەوەی نوێ کە کەمتر زمانی بیانی دەزانن.
* نەبوونی شاری گەشتیاری گەورە و ناوچەی تایبەتی گەشتیاری فراوان. لە وڵاتان لە ناوچەیەکی دیاریکراو شارێکی گەشتیاری یان گوندێکی گەشتیاری یان ناوچەیەکی گەشتیاری تایبەت بە مانەوە و نیشتەجێبوونی گەشتیاران هەیە و هیچ خێزان و مااڵێکی ئاسانی لە کوردستان ڕێگەی پێنادرێت (مەیخواردنەوە، جۆری جڵ پۆشین، مەلەوانگەی تیکەڵ، مەساج بۆ تەندروستی، یاری ئەلەکترۆنی، ئاهەنگی شەوان، ئازادی کاتبەسەربردن).
* نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گەشتیاری: بە شێوەی گشتی ڕۆشنبیری و هۆشیاری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان کەمە، زۆربەی هاوڵاتیان و تەنانەت خاوەنی هەندێک شوینی گەشتیاری وەک پێویست لە بایەخی گەشتیاری تێنەگەیشتون، تەنانەت لە ئاستی باڵای حکومەت و نوخبە و زانکۆ و نووسەرانیش گەشتیاری ئەو بایەخەی نەبووە، بۆیە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەو بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی وەک پێویستیش لەم بوارە نین.
* ڕۆژنامەنووس و نووسەری بواری گەشتیاری زۆر کەمە ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ نەبوونی سەرچاوە و کتێب و گۆڤار بە زمانی کوردی، هەرچەند من 3 کتێبم بە زمانی کوردی لەبارەی گەشتیاری نووسیوە، بەڵام ئەمە زۆر کەمە لە ئاست کتێبخانەی کوردی و پەرەپێدانی گەشتیاری و خوێندنی گەشتیاری بە هاوڵاتیانی لێنییە، ئەو شوێنە تایبەتە چەندان جۆری چالاکی گەشتیاری هەیە، گەشتیار ئازادی تەواوی هەیە و هەرچی داوا بکات دەستی دەکەوێت، وەک شەرم شیخ لە میسر و سەدان شوێنی تر لە جیهان.
* پیشبرکێی کوالیتی: وڵاتانی هاوسێ لە ڕووی بەرزکردنەوەی کوالیتی خزمەتگوزاری و هەرزانکردنی نرخی خزمەتگوزاری و باشترکردنی کەرتی گەشتیاری بە گرنگی پێدانی کەرتی گەشتیاری لە لایەن دەسەڵات و حکومەتەکان، ئەمەش وایکردوو بەردەوام گەشتیار بۆ لای خۆیان کێش بکەن، ئەگەر سوریا و لوبنان و ئێران ئارامی زیاتر بە خۆوە بگرن ژمارەی گەشتیاری کوردستان زۆر کەم دەبێتەوە، ئەمەش کێشەیەکی جەوهەریەو لە بااڵنده و ئاژەڵەکانیان دەکەن بەڵکو لە باخچەی تایبەت دروست دەکەن و جۆری دەگمەن دێنە وڵات و گەشتیاری پێرادەکێشن.
* کێشەی ئاوەدست، نەبوون و کەمی ئاوەدست بۆتە کێشەیەکی سەرەکی گەشتیاران لە ناو شارەکان و لە ڕێگە سەرەکیەکان و لە هەندێک هاوینەهەوار و شوینی گشتی، ئەو شوێنەی بۆشی دروست کراوە یان دانراوە کێشەی خزمەتگوزاری و کێشەی پاکردنەوەی هەیە و وەک نەبوون بێت وایە، زۆرجار گەشتیاران لە دەست کەمی ئەم خزمەتگوزاریە تەواو بێزار و بێتاقەت دەبن.
* بە گەشتیاری نەکردن و فراوان نەکردنی هەندێک لە بۆنە و یاد و چالاکی و فیستیڤاڵەکان کە بوونیان هەیە و ساڵانە دەکرێن (فیستیڤاڵی میوەجاتی کوردستان، هەنگوین، خواردنی کوردەواری، جلوبەرگ و هونەر، بۆنە ئاینیەکان و نەتەوەیەکان، کەرنەڤاڵی نەورۆز ...) ڕەنگە سوود لە جەژنی نەورۆز وەرگیرابێت بەڵام دەکرێ وەک کەرنەڤال فراوان بکرێ و سوودی زۆر زیاتری لێوەربگیرێت.
* ڕیزنەگرتن لە کەسانی دڵسۆز و چالاک و ماندوونەناس و خاوەن پڕۆژەی جوان و خاوەن بیرۆکەی جوان لەلایەن حکومەت بە تایبەت ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان بە خەڵاتی ڕەمزی ساڵانە بێت یان ڕێورسمێکی مەعنەوی بێت کەسوپاس و پێزانینان پێبدرێت.
* لە میانەی ئەم بابەتەدا 12 لایەنی سەرەکی و پەیوەندار زیاتر لە 94 کێشەی بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دروست کردووە، ئەگەر زیاتر وردی بکەینەوە ئەوە کێشەکان زۆر لەوە زیاترن و دوو ئەوەندە دەبنەوە، بۆیە ناتوانری بەم شێوازەی هەیە کەرتی گەشتیاری زیاتر لەمەی هەیە پێش بکەوێت.


گەلی شێرانکێ - دێرەلوک - دهۆک

چەند پێشنیارێک بۆ چارەسەری کێشەکان بە گشتی

1- پەیکەرێکی جێگیر بۆ بەرزبکەنەوە. ئەگەر بروانامەی بەرز بوو و هەموو تایبەتمەندەکانی (دڵسۆز و نیشتیمان پەروەرکە کارو پیشەکەی خۆیان و هاوڵاتی و نیشتمانیان خۆش بوێت) هەبوو، ئەوە کەسیکی زۆر لە بارو شیاوە مافی خۆیەتی ڕێز لە بروانامەکەشی بگیرێت. هەندێک جاریش کەسانی بروانە ئاسای زۆر دڵسۆزتر و چالاکتر و مەیدانی ترن لە کارکردن وکاری مەیدانی، بۆیە پێویستە لە کابینەی نوێ بڕوانامە تەنیا پیوەر نەبێت و کۆمەڵێک خاڵی گرنگتر بکرێن بە پێوەر.

10- دانانی بۆردێک بەسەرپەرشتی دامەزراوە نوێکە کە نوێنەری کەرتی تایبەت و هەندێک وەزارەت و زانکۆ لە خۆ بگرێت بۆ ڕاوێژ و چارەسەری کێشەکان.

11- گرنگیدانی حکومەت بە کەرتی گەشتیاری و دەرکردنی هەندێک بڕیار وپالپشتی بۆ جیبەجێکردنی ستراتیژیەتی گەشتوگوزار و دەرکردنی یاسا و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێری و بەبازاکردنێکی فراوان بۆ کەرتی گەشتیاری و جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارانە بەشێکی زۆری کێشەکانی خراونەتە ڕوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چارەسەر دەبن و بەشێکیش بە هەیکەلی نوێ چارەسەر دەبن، بە تایبەت کێشەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی خوێندن و کولتور و ڕۆشنبیری هاوڵاتیان و کەرتی تایبەت هەندێک لە کێشە گشتیەکان.

12- کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە گەڵ سەرۆک و ستافی سەرەکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەشێک لە کەرتی تایبەت بە تایبەت خاوەن پڕۆژە گەشتیاریەکانی ستراتیژی بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوویان لەسەر ئایندەی گەشتوگوزار و هەیکەلی کارگێری و چۆنیەتی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان.

5- کێشە گشتیەکان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی تایبەت بکرێت و کۆمەلێک بڕیار دەربکرێت کە وەزارەتەکانی حکومەت پابەند بکات بە هەماهەنگی و هاوکاری کردنی دامەزراوەی گەشتیاری وەزارەت ڕ دەستە) بەمەرجێ هەمان تواناو پێکهاتەی وەزارەتەکانی هەبێت لە چارەسەری و بڕیاردان. وەک کێشەکانی (کارەبا، ئاو، خاوێنکردنەوە، زەوی، ڕێگە).

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگەکەمان بریاریدا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١/٢١ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێنی مادەی یاسایی ٤٥٦ لە یاسای سزاکان بە پێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێنی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمد امین
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٣/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو علی محی نایف
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بە پێنی مادەی ٢٩٨ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٣/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو اشرف حلمی زیدان
ئاگاداکردنەوە
یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئاماەدبوونت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئاماەدبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە رۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ بە پێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٣/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵاتوو سلیم شفیق یوسف و رمزی اوز تورك
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی نێوە تۆمەتبارن بە پێنی مادەی ٤٤٣ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٥/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو اشرف حلمی زیدان
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بە پێنی مادەی ٢٩٨-٢٨٩ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو حسن عدنان نوری
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بە پێنی مادەی ٥٦/٥٥ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٤/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵاتوو سلیم شفیق یوسف و رمزی اوز تورك
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی نێوە تۆمەتبارن بە پێنی مادەی ٤٤٣ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنتان و نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٢٦٥/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو اشرف حلمی زیدان
ئاگاداکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بە پێنی مادەی ٢٩٨-٢٨٩ لە یاسای سزایی و سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیەبریاردرا و پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێ ئەو داواکاریەی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشمله بەپێنی یاسا.
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئەلموش) بۆ ئالوگۆری دراو/سنوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ئەلموش) بۆ کۆمپانیای (الرنین العربی) بۆیە هەر کەسێك نارازیە یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری هەولێر – شەقامی ٣٠ مەتری بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

1- JOB TITLE: Projects HSE Supervisor

LOCATION: Atrush – field based (2 weeks on/off)

JOB SUMMARY

Supporting the Project and HSE Manager in project delivery, provide saftey leadership and assurance of the HSE Management Systems in accordance with TAQA IRAQ Business direction. Assist with Contractor Management and coordinate onsite Health and Safety.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

-Higher Level Technical/Construction Certificate and NEBOSH General/Construction Certificate

-Minimum of 7 years Project HSE experience in O&G.

-Minimum of 3 years' experience in supervising small teams.

-Knowledgeable in OSHA 18001/45001 and HSE management systems.

-Knowledgeable in high risk activities such as Confined Space Entry, Hotworks, Excavations, safe systems of work etc.

NOTE:

- These positions will remain open until one week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (نشوان خلیل محمد) بۆ بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)

پاکتاوکار/ شوان جمال عبدالله

ناونیشان/ دهۆك- کلك

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٣٧٠١٥٦

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٨١٢٠

رێکەوت: ٢٠١٨/١١/٢٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا تاك


پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (نشوان خلیل محمد) بۆ بازرگانی گشتی و هێنان و بردن/ تاك) لە رێکەوتی (٢٠١٨/١١/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەرێز (شوان جمال عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێنی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ڕۆژنامەی خەبات بەدواداچوونێک بۆ ناوچە و شارە پیشەسازییەکان و پلان و بەرنامەی حکومەتی هەرێم دەکات

ناوچە و شارە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان، گرفت و چارەسەرەکانیان



ڕاپۆرت: ڕەسوڵ سالح

بەڕەوپێشچوونەکانی کەرتی پیشەسازی لە هەموو ولاتێک بەندە بە هەبوونی ناوچە و شاری پیشەسازی ڕێکخراو لەو ولاتەدا. بە پێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، **42**ناوچەی پیشەسازی هەن کە لە سەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەش کراون.

بە پێی دوایین زانیاری و ئامار، کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بڵاویکردۆتەوە، لە نێوان ساڵانی **2006-2011** پارێزگای دهۆک لە کارگەکانی بچووک و ماموناوەندی بە ڕێژەی **13.86%**و **10.1%**بەرزترین ئاستی گەشەی وەبەرهێنانی تۆمار کردبوو لە ساڵی **2015** گەیشتە **22%**و **10.59%**بەڵام دواتر پارێزگای هەولێر لە سالی **2017** ئەم پلەیەی بە ڕێژەی **10.2%**لە کارگەکانی بچووک و پارێزگای دهۆک لە کارگەکانی ماموناوەندی بە ڕێژەی **8.7%**پلەی تۆمار کرد.

پارێزگای سلێمانی لە کارگەکانی گەورە بە ڕێژەی بەرزترین ئاستی گەشەی وەبەرهێنانی تۆمار کردووە لە ساڵی **2011**گەیشتە **84.8%**و سالی **2015** ئەم پلەیەی بە ڕێژەی **50.4%**لە کارگەکانی گەورە تۆمار کردووە و پارێزگای سلێمانی لە کارگەکانی گەورە لە ساڵی **2017** بە ڕێژەی**156%**پلەی تۆمار کرد.

ڕۆژنامەی خەبات وەک بەدواداچوونێک بۆ ناوچە و شاری پیشەسازییەکان و پلان و بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ پێشخستنیان، دیمانەیەکی لەگەڵ د. عەبدولڕەزاق ناوەندی سەرۆکی دەستەی ناوچە و شارە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان و لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت سازدا. لە سەرەتای دیمانەکەدا د. عەبدولڕەزاق گووتی: کەرتی پیشەسازی لە هەرێمدا، بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە حوکمی پەیوەندی جالجالۆکەیی نێوان سێکتەری پیشەسازی و سێکتەرەکانی تری ئابووری پەیوەندیدار بەو سێکتەرە گیروگرفتەکانی لە ناوچە پیشەسازییەکان هاتۆتە پێشمان و ڕێگا چارەسەری پێشنیازکراومان بۆیان هەیە.

وای بۆ دەچین کە ئەگەر حکومەت گرنگی بە کەرتی پیشەسازی نەدات قەیرانەکانی هەرێم قوڵتر دەبنەوە و پێویستە حکومەت عەقڵیەتی پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات بگۆڕێت بۆ گرنگیدان بەکەرتە جیاوازەکان بە تایبەتی پیشەسازی.

هەرێمی کوردستان لە کەرتی پیشەسازی بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە. ئەگەر لە ٢٠٠٦ـەوە بەراوردی بکەین بۆ ٢٠١٨، نزیکەی دوو هەزار کارگەی بچووک و ماموناوەندی بوون، بەڵام ئەمڕۆ نزیکەی چوار هەزار کارگە بوونی هەیە، کە کارگەی ماموناوەندی و گەورەن.

ئامانج لە دانانی کارگە بۆ هەلیکار و بەرهەمهێنانە، لە ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی **9**هەزار هەلیکار لە پێشەسازی ڕەخساوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ نزیکەی ٣٨ هەزار و پێنجسەد هەلیکار، تەنیا لە کەرتی پیشەسازی ڕەخساوە، کە ئەمەش وادەکات بە هەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان کارگەیەک لە گەڵ کاروباری دیکە دا وەک بازرگانی و ڕێستۆرانت و...هتد.

هەرێمی کوردستان


د. عەبدولڕەزاق

بەرەوپێشچوونی باشی هەبووە لە کەرتی پیشەسازی، بەڵام لە ئاست تەموحی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە و ئێمە بەنیازین زیاتر لەوەی، کە هەیە کەرتی پیشەسازی بەگڕ بخەین، نەک هەر بۆ ناوخۆ، بەڵکو هەناردەی دەرەوەش بکرێ. دەشڵێت "لە هەرێمی کوردستان باشترین جۆری مەڕمەڕ، گرانیت، گەچ و چیمەنتۆ هەیە و ئەمڕۆ هەلێکی زێڕین لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە ئەویش ئاوەدانکردنەوەی موسڵە، کە دەکرێ ڕۆلێکی بەرچاو بگێڕین.

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕوونیکردەوە؛ گەیشتن بە گەشەسەندنی گونجاوی پیشەسازی و کاردانەوەی کاریگەری لەسەر ئابووری نیشتیمانی، و بەشداریکردنی ئەو گەشەسەندنە لەسەر ئاسایشی پیشەسازی، و بە سوودوەرگرتن لە توانا مرۆیی و سروشتییە بەردەستەکان، و بەرزکردنەوەی ئاستی دەرهێنانی ماددە کانزاییە خۆمالییەکان لە GDP، و بەردەست خستنیان لە نێوبازارِە ئازادەکان،وە بەڕێوەبردنی پرۆسە پیشەسازییەکان، و ناساندنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و و دەستبەرکردنی هاوبەش لە ئامانجەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتیانە. و وەک بەرنامەی بەگەڕخستنەوە و چالاککردنەوەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی پیشەسازی لە شێوەی پەیوندی نێوان پلاندانان ژ ئابووری ، کە دابەشکراوە بۆ سەر سێ شێوە، کە هەریەک لە هاوەدنگ کردنی (هاوسەرگیری) ستراتیژە جیاکان و ڕێکخستنیان لەیەک پاکێجی ئاسایشی ئابووری، بۆ وەرگرتنی هەناسەیەک و وچاونە نێوّ هەنگاوی داهاتوو لە چێوارچێوەی متمانەی تۆکمەستراتیژی پێشنیارکراو دەبێت:

قۆناغی یەکەم: پلانی ئێمرجێنسی: "گەشەی ستراتیژی هاوسەنگ"

قۆناغی دووەم: چالاککردنی سێکتەرە بەردەستەکان لە ڕێگای پرۆگرامی پەرەپێدانی پیشەسازی. "ئاڕاستەکردنی پیشەسازی بۆ ستراتیژی ئالۆگۆرکردنی هاوردەکراوەکان".

قۆناغی سێیەم: هەڵدانی ئایندەی کارگەکانی پیشەسازی لەسەر بنەمای کارگەی پیشەسازیی نوێ. پیشەسازی بۆ هەناردەی ئاڕاستەکراو.

لەیەکەم کارەکانی دەستەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان پێویستە ببیر لە داهاتووی ستراتیژی پیشەسازی بکەنەوە بە پشتبەستن بە هەریەک لە سێکتەرەکانی کانزاسازی و کشتوکاڵ وەک کارگەکانی پیشەسازی ، وەک بنەمای سەرەکی و ڕێگای ڕاست بۆ گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان.

بە پێی شیکاری **SWOT** ڕونکراوەتەوە، پێویستە هەرێمی کوردستان بەرەنگاری زۆرێک لەو بەربەستانە ببێتەوە و زاڵ بێت بەسەریان کە ڕێگرن بۆ گەیشتن بە ئامانج و پرۆسەی بەدەستهێنانی ستراتیژیەتێکی باشی پیشەسازی لەماوەیەکی دیاریکراودا.

سەبارەت بە گرفتە یاساییەکان گوتیی: لەئێستادا وەزارەتی بازرگانی کار بە یاسای ژمارە **(25)**ی ساڵی **1991** دەکات. نەبوونی ژینگەیەکی یاسایی لە زۆربەی بوارەکانی پیشەسازی چونکە گۆڕینی سیاسەتی ئابووری لە کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت (بازاری ئازاد) بۆشاییەکی یاسایی دروست کرد. و ئێمە پێشنیازمان کردووە بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت، پێویستە بە زووترین کات پرۆژە یاسای پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێم ئامادەبکرێت و ئاسانکاری بکرێت بۆ تەواوکردنی ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا کاری بۆ کراوە ، و تا ئەو کاتەی یاساکە پەسند و کارا دەکرێت بە ڕێنمایی پێویست گرفتەکان چارەسەربکرێن. بەشداری پێنەکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی دەرچوونی یاسا و ڕێنماییەکان وەک پێویست نەبووە، لەکاتێکدا کەرتی تایبەت هاوکاری سەرەکییە بۆ بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان بۆ حکوومەت. لە ولاتانی پێشکەوتوودا، کەرتی تایبەت بەشێکی سەرکییە لە دەرکردنی بریارِو یاساکان، بۆیە پێویستە کەرتی تایبەت بەشداری بەرچاوی هەبێت لە گشت لێژنە ئابووری و بازرگانییەکانی سەر بە حکومەت لە پرۆسەی بڕیاردانداد.

هەروەها کۆن بوونی یاسای بازرگانی عێراقی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان یاسای بازرگانی هەرێم و عێراق و هاوکات، نەگونجانی لەگەڵ سیستەمی بازاری ئازاددا کێشەیەکەی دیکەیە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆیە پێویستە تۆژینەوەی ورد لە یاسای بازرگانی عێراقی و هەرێمی کوردستان بکرێت و چاوپێداخشاندنەوە بە یاساکان و هەموارکردنەوەیان بکرێت بە شێوەیەک لە خزمەتی بازاڕی ئازاددا بێت.

پرسیارمان کرد سەبارەت بە کۆنترۆڵی جۆری، لە وەڵامدا بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و ئابووری گوتی: یاساکە خۆی لە ئاستی پێویست نیە و لە ستانداردی نێودەوڵەتی دوورە. لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێ نەکردنی یاسای کۆنترۆڵی جۆری کێشەیەکی دیکەیە و دەبێت یاسای کۆنترۆڵی جۆری، هەموار و بەهێزتر بکرێت و بە پێی پێوەری نێودەوڵەتی، پشکنین بۆ کالاکان بکرێت، بە تایبەت لە خاڵە سنووریەکان و هەروەها ئامادەکردن و دانانی کادیری تەکنیکی و شارەزا لە تاقیگەی پشکنین.

وەبەرهێنەران و ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە کەرتی پیشەسازی کار بکەن گرفتی دابینکردنی زەوی و خزمەتگوزارییە پێویستەکانیان هەیە، سەبارەت بەم بابەتەوە، ناوەندی گوتی: گرفتی دابینکردنی زەوی لە شێوازی دابەشکردن و ڕووبەری دابینکراو بە گوێرەی پرۆژەکەو نرخی زەوی (بەرزکردنەوەی نرخی زەوی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی) و هەندێجار بەکارنەهێنانی زەوی لەلایەن وەبەرهێن و خاوەن کارگە پیشەسازییەکان بۆ مەبەستی دیاریکراو یا جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکە، نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر کارگەکان لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمەن و بۆیە دەبێت دابەشکردنی زەوی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە بێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان. هەروەها ماستەر پلانی پێویست ئامادەبکرێت بۆ شار و ناوچە پیشەسازییەکان و دانانی پێوەرێکی ئەندازەیی بۆ دابینکردنی زەوی بە گوێرەی پێویستی پرۆژەکە و دابەزاندنی نرخی زەوی، لێسەندنەوەی زەوی لەو وەبەرهێنەی، کە پرۆژەکەی جێبەجێ نەکردووە و دانانی میکانیزمی پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. هەروەها کێشەیەکی ترمان، کە لەو بوارەدا هەیە ڕێگەنەدان بە دامەزراندنی پرۆژەیە لەسەر زەوی کشتووکاڵیی خاوەن کار لە لایەن وەزارەتی کشتووکاڵ. کە داوا دەکەین مۆڵەت بدرێت بە دروستکردنی کارگە و پرۆژەی پیشەسازی لەسەر زەوی کشتووکاڵی خاوەنکار و ئاسانکاری بۆ پێدانی زەوی بۆ بازرگان و خاوەن کار.

جگە لە دابینکردنی زەوەی، ئێمە دەبێت گشت خزمەتگوزارییەکانین دابین بکەین، لەوانە؛ کارەبا، سەرچاوەی ئاو، ڕێگاوبان ، ئاوەڕۆ، قیر و ... هتد و پلان دادەنێین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی دیکە، کە ڕۆژانە لەوانەیە بێنەپێش و کێشەی ژینگە و چارەسەرکردنیان لەگەڵ دەستەی ژینگە .چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو دانانی نرخی گونجاو.

هەروەها دابینکردنی سووتەمەنی و کارەبای پێویست بۆ سەرجەم پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، لەوانە؛ نەوتی ڕەش وەک پێویستی سەرەکی و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای پێویستی فعلی کارگەکان و بە دادپەروەری لە نێوان پارێزگاکان، و بە نرخی گونجاو، چارەسەرکردنی هەموو ئەم گرفتانە بە هەماهەنگی سەرجەم لایەنە پەیوندیدارەکان و کارکردن بە فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (**8964**) لە **24/11/2015**.

گرفتی گومرگ، باج و ڕسوومساتی سەر پرۆژە و کارگەکان تەورێکی دیکەی دیمانەکەمان بوو، کە د. عەبدولڕەزاق ناوەندی گوتی: گرفتەکانی خاڵە گومرگییەکان لەسەر هاوردەکرنی بەرهەم و کەلوپەل و کەرەستەی خاو (دووبارە گومرگ وەرگرتن بۆ نموونە دانانی خاڵی گومرگی عوزیم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ هاوردەکردنی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکان و بەرهەمی کۆتایی بە مەبەستی هاندانی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی بەرهەمی هاوشێوە لە ناوخۆ) ئەمانە هەموو بەشێکیان، کۆمەڵە گرفتێکن لە شێوازی بەڕێوەبردن و بەکرێدان و چاودێری کردنی کارگە حکومییەکان کە ناوەندی گوتی: ئێمە دەستنیشانی ئەم کێشە گرفتانەمان کردووە و بەدواداچوونی وردمان بۆ هەموو کارگەکان لە هەرسێ پارێزگاکە کردووە و کار دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان و وا بەباش دەزانرێت بە پێی ڕێنماییPPPی وەزارەتی ئەکتیڤکردنی بانکەکان بۆ پێدانی قەرز بۆ بازرگانان (کورت خایەن- ناوەند خایەن- درێژخایەن).

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لەبارەی گرفتی شێوازی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان،ڕایگەیاند: کار بۆ بەیەکەوە بەستنی ئەلیکترۆنی نێوان ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی / ب.گشتی تۆماری کۆمپانیاکان دەکەن، کە دەسەڵاتی پێدانی ناوی بازرگانی لەلایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازی بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

د. عەبدولڕەزاق ناوەندی بۆ خەبات ئاشکراشی کرد ئەندازیار و پسپۆرانی ڕاوێژکاری لە کارگەکان بە پێی پێویست نین و ئەگەر هەشبێت بەشداربیان پێناکرێت ، بۆیە دەبێت نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری و نووسینگەی ڕاوێژکاری ئابووری زیاتر لە هەرێم دابەزرێن و هەروەها بە مەرجکردنی هەبوونی ئەندازیار لە کارگەکاندا. و لەگەڵ ئەوەشدا زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ پێگەیاندنی کادیر و پسپۆڕی تایبەت و هێزی کار بۆ کەرتی پیشەسازی و بازرگانی کارانەبوونە و دەبێت میکانیزمێک بۆ پەیوەندی زانکۆ و پەیمانگاکانی پیشەیی لەگەڵ کەرتی تایبەت دابندرێت و کار بۆ بەستنەوەی سیستەمی خوێندنی بالا بە پێداویستی هەنووکەیی و بە پراکتیزەکردنی لایەنی بازرگانی و پیشەسازی لە کوردستان بکرێت. هەروەها پێویستە سەنتەر و بنکەی تایبەت هەبێت بۆ بەردەوام پەردەپێدانی توانای کارمەند و کادیرانی کەرتی تایبەت لە هەموو ئاست و پلەکان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و سیمینار و وۆرک شوپ...هتد ، و سالانە وەبەرهێنەر و خاوەن کارگەکان پلان و بوودجەی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەو بوارە.

تەواو بوونی گرێبەست بەردەوامی لە کارکردن، نەدانی کرێ بە وەزارەت و جیاوازی نرخی کرێ و کەمی کرێکان، بەکارهێنانی کارگە لەلایەن، لایەنی تر و یەکلانەبوونەوەی مولکدارێتی، بەکارهێنانیان بۆ کاری تر، لەکارکەوتنی پلاندانان کار بەو کارگەیانە بکرێت و گرفتەکان چارەسەر بکرێن.

سەبارەت بە گرفتەکانی کەرتی کشتووکاڵ و پێشنیاز و چارەسەرەکان بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستەی کە جگە لە دابینکردنی پێداویستی ناوخۆیی، هەناردە بکرێت و هەلی کار بۆ کوردستانیان دروست بکات، سەرۆکی دەستەی ناوچە و شارە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان گوتی: ئێمە لە حکومەتی هەرێم بە گشتی و بەتایبەتی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەساز کارمان کردووە بۆ هاندانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پیشەسازی بەگشتی و بەتایبەتی لە کوردستان بۆ بەرەودان بەو کەرتە و بەردەوام کارئاسانیمان بۆیان کردووە. هەروەها کار بۆ پەیڕەو کردنی یاسایەک بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی هاوردەکردنی کالا و ڕاگرتن بالاتنس بۆ نرخ و پێداویستی ناوخۆ بۆ ئەو بوارانەی کە هەرسێ پارێزگاکە لە هەرسێ پارێزگاکە کردووە و کار دەکەین بۆ ئەوەی بەرهەمی هاوردەکراوانەی لە ناوخۆ بەرهەم دێت بە نرخی باش و کوالیتی بەرز. و لەگەڵیدا هاندان و هاوکاری کردنی جووتیار و بەرهێنەران بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمی ناوخۆیی و پەیرەکردنی ڕێکاری گونجاو و ستانداردەکان لە ئامادەکردنی بەرهەمەکانیان بۆ نێو بازاڕ بۆ زیادکردنی خواست لەسەر بەرهەمەکانیان. هەروەها پاراستنی بەرهەمی خۆمالی پلەوەر و لە بواری پیشەسازی پلەوەر و هاوکاری کردنیان بۆ پێشخستنی سیستەمی تەواوکاری پیشەسازی پلەوەر.

لە جیهاندا زۆر گرینگی بە هێما و بالکوت و ستاندارد و پێوەری بەرهەم دەکرێت، لەوبارەیەوە ناوەندی گوتی: هەبوونی نیشانە و ناوونیشانی بەرهەم زۆر گرینگە و دەبێت بەرهەمهێنەرانمان گرینگی بە نووسینی شوێنی بەرهەم (**Made in Kurdi-stan**) بدەن و خاوەن کارگەکان کار بۆ بە دانانی نیشانە و ناوونیشانی بەرهەمەکانیان بکەن. بە جێددی لە هەوڵدابن بۆ گەڕخستن و دانانی یاسای نیشانە بازرگانییەکان و پاراستنی مافی داهێنەران

پۆزش

هەفتەی پێشوو بابەتێکی بەڕێز (کەمال نوری مەعروف) لەم لاپەڕەیە بڵاوبۆوە، بەداخەوە هەڵەیەکی هونەری بووە هۆی ئەوەی وشەی (قەڵا) لەبابەتەکە ببێتە (قەلی)، داوای لێبوردن لەخوێنەران و نووسەر دەکەین.

لەلاپەڕەی لێکۆڵینەوە

لێکدانەوەی ئافرەتانی تاراوگە بۆ 25ی نۆڤەمبەر



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

ساڵی 1960کوژرانی خوشکانی میرابادڵ بووە هێمای تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 17ی دیسەمبەری ساڵی 1999ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان ناسرا، کە لە سەرانسەری جیهان چالاکی جۆراوجۆر بەو بۆنەوە ئەنجام دەدرێت. ئافرەتانی تاراوگە لە پێگە و بژێوی جیاوازی خۆیانەوە لێکدانەوەیان بۆ ئەم ڕۆژە هەیە.


ساهیرە مەلا


جیاوازی لە نێوان نێرومێ بوونەتە کلتور لە ژیانماندا

سەرەتا خاتوو شیرین کافی شاعیر و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو بارەیەوە گوتی: ئەگەر بەکورتیش بێت باس لە تووندوتیژی بکەین بە تایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی خۆمان، دەبێت بە رابردوومانداا بچینەوە لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان نێر و مێ کە لە ژیانماندا بۆتە کلتور و دەربازبوون لێی زەحمەت بووە و ڕەگێکی وەها قوڵی داکوتاوە کە تائیستاش بەردەوامی هەیە لە نێو هەندێ خێزان و نەگونجاندنیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و نەسرینەوەی ئاسەوارى ئەو جیاوازییە هاندەربووە بۆ پەراوێزخستنی مافی ئافرەت و بەکەم چاولێکردن و لێکەوتنەوەی ڕووداوە ناخۆشەکان، بەتایبەتی ئیمەی ژن لە ڕووی یاساوە نیوەی کۆمەڵێن، لە ڕووی دینەوە بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە بەڵام کە لە شێوەی سەرەمێکوتەیەک دەست دەکەین بەنمۆکردن، دایک پێی شەرمە بڵێ ئەو مرۆڤەی بۆ بەردەوام بوونی ژیان لە هەناومدا هەڵمگرتوە کچە، ژۆر بەشەرمەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکرێت ژۆر جیاوازیان هەیە لەگەڵ براکانماندا، لە شوێنی دانیشتن و خواردن و دابەشکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژۆر گوێمان لەم وشانە دەبێ کۆشت داپۆشە، پێمەکەنە و بەشداری قسەی پیاوان مەکە، هەروەها دەبێ کابانێکی باشبین، لە ژوری نوستندا ڕازاوە بین وەک ئەکتەرێکی شارەزا هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوادا بکەین. ئەمە نموونەیەکی بچوکە وەدەبێت جیاوازییەکان کاڵکرێنەوە بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەمان. تەنها لە 25ی نۆڤەمبەر نەبێت بەڵکو ببێتە وانەیەک لە فێرگەکاندا بخوێندرێت وەک پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست کە ئەمەش لە نێو کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا دەستەبەردەکرێ و پەرەی پێدەدرێ. هیوادارم هەوڵەکانمان لە قوتابخانەکانەوە دەستپێبکەین بۆ گۆڕینی جیاوازییەکان و یەکسانکردنەوەیان و ڕێزگرتن لەیەکتر بۆ بەردەوامی ژیان و دووربوون لە تووندوتیژی.

هەڵبەت ئەوروپییەکانیش هێشتا نەیانتوانیوە بگەنە چڵەپۆپی بنبڕ کردن ئەم دیاردەیە

پاشان خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەوبارەیەوە گوتی: وێڕای ئەوەیکە لەم ڕۆژەدا لە 25ی نۆڤەمبەر هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژییە لە نێو گۆمەڵگاکاندا بە هۆشیارکردنەوە و بەرنامەی چڕوپڕ پیادەدەکرێ، ئۆفیسی ئەورووپایی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش کاروچالاکی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ ڕەوتی سەردەمیانە و خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دنیا و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە کورد زیاتر نیشتەجێن تیایدا. لە پێناسەیەکی بچوکدا دەتوانین بڵێین تووندوتیژی یەکێکە لە کارە قێزەونەکان کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ بۆ پیشاندانی هێزی خۆی یان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، ئەمەش یان بە بەکارهێنانی هێزی ماسولکە یان بە وتنی قسەی ناڕێک وناشرین بۆ کەسایەتی بەرامبەر یان بەکارهێنانی هەموو شێوەکانی تووندوتیژی پێکەوە. بەدڕێژایی مێژووی مرۆڤایەتی تووندوتیژی هەر هەیە و بنبڕناکرێت بەڵام کەم دەکرێت، تووندوتیژی بە تایبەتی دژ بەئافرەتان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر جیاوازی هەیە، وێڕای ئەو هەموکار و چالاکییەی هەیە لە ئەوروپا بۆ ڕێگری و وەستان دژ بە تووندوتیژی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەیان ئەورپییەکانیش هێشتا نەیانتوانیوە بگەنە چڵەپۆپی بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە. نایەکسانی شێوەیەکە لە تووندوتیژی کە دژ بەئافرەتان دەکرێت، لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپا بۆ نمونە هۆڵەندا هێشتا جیاوازی لە مووچە هەیە لە نێو ئافرەت و پیاو لە هەندێک کار بە شانازییەوە دەڵێم ئەم جیاوازییە لە کوردستان نییە، لە لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی بڵاوکراوەتەوە و لێدوان لەگەڵ 42000هەزار ئافرەت لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کراوە لەم ژمارە ئافرەتانە 1500ئافرەتی هۆڵەندین کە لەنێوان 18تا 74ساڵن دەرکەوتووەکە لە ٪ 45لەم ئافرەتانە کە لە ژیانیاندا تووندوتیژیان بەرامبەر کراوە تووندوتیژی سێکسی کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە، ڕێکخراوەی ئەنجومەنی ئەوروپا کە ڕێکخراوەیەکی جیهانییە و 47وڵاتی ئەوروپا ئەندامە تیایدا بە هۆڵەندناوە، لە 1-2016 3دەستیکردووە بە یاساکردن و بڕیارکردنی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان و تووندوتیژی خێزان و سزاکەی قورسە، کەواتە تووندوتیژی جیهانییە وکوردستانیش لەم دیاردەیە بەدەرنییە و دەبێت بەرەنگاربوونەوە بە یاسا بکرێ و سزای قورس بۆ ئەنجامدەران هەبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوەدا هەنگاوی باشی بڕیوە.

ئەوروپییەکان بۆ ئەم مەبەستە سالانە بودجەیەکی زۆر لە



پەیمان تەها

خەرێنەی دەوڵەت خەرج دەکەن

خاتوو ساهیرە مەلا ئەندامی ئەنجومەنی هۆڵەندای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەیەوە ڕایوایە: دەتوانم لێرەوە دەستپێبکەم کەوا تووندوتیژی دژی ئافرەتان بەپێی شوێنی جوگرافیا جیاوازی هەیە بۆ نمونە لە کوردستان جیاوازە لەگەڵ ئەوروپا. ئەوروپییەکان بۆ ئەم مەبەستە سالانە بودجەیەکی زۆر لە خەرێنەی دەوڵەت خەرج دەکەن لە کاروچالاکی و لە ئامێزگرتنی مافخوراوەکان کە ئافرەت و مندالە و بەخۆشحاڵیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لێنەبڕاوانە لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە و تا ئێستاش بەردەوامە لە نێو هەندێک خێزان بە بیانووی پاراستنی شەرەف و دوورنەکەوتنەوە لەو کلتورەی هەمانبووە، هەڵسن بەبردنەوەی منداڵەکانیان بەتایبەتی کچەکان بۆ کوردستان و بەزۆر بەشوودانیان و لێسەندنەوەی تەنها لە 25ی نۆڤەمبەر دەخرێتە ڕوو یاخود بڵاوکردنەوەی زیاتری بابەتی هۆشیارکردنەوە لە میدیاکاندا ڕۆژانە ببینرێ کە ببێتە بەختەوەری بۆ هەموولایەکمان.


تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و هەندێ میدیایی کوردی ڕۆڵی خراپ دەبینن

لە کۆتایشدا خاتوو پەیمان تەها وەک چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و بواری ئافرەتان لەوبارەیەوە گوتی: تووندوتیژی دژی ژنان لەو قۆناغە تێپەڕیوە کە لە وڵاتێک و ناوچەیەک باسی لێوە بکەین، بەڵکو ئەم کێشەیە بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و لە ئێستادا هەموو میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە بۆ کۆکردنەوەی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانی ئەو بواڕە بۆ کەمکردنەوە و ڕاوەستانی، لە


شیرین کافی

خستنەڕووی ئامارەکانەوە ئەوەمان پێ دەڵێن هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئایندەی بەختەوەری نێو خێزان، ڕاستە 25ی نۆڤەمبەر بۆتە بیرخەرەوەیەکی ئازارێکی بەسۆز و ڕۆژی هۆشیارکردنەوە بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە ماف و ئازادیی و یەکسانی و خۆدەرخستنی ئافرەتان بە چڕوپڕی لەسەر شەقامەکان ونێو ستۆدیۆی میدیاکان و ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چالاکییە هەمەڕەنگەکان بە پیی وڵات و نەتەوە جیاوازیان هەیە، ئەمەش لە کاتێکدایە لە تەواوی ڕۆژەکانی ساڵدا ژنانی کۆمەڵگاکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕووبەڕووی تووندوتیژی جۆراوجۆر دەبنەوە، دەمەوێ لەم دەرفەتەدا باس لە کۆمەڵگەی خۆمان بکەم وێڕای ئەو هەوڵە بەردەوامەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی ژنان وچالاکوانی ئەنجامی ئەدا بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە خۆزگە لە پاڵیدا بڕیاری لە یاسایەک ئەدا بۆ هەندێک کەسانی نەفس نزم وناهۆشیار لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وهەندێ میدیای حزبی و سێبەری کوردی ڕۆڵی خراپ دەبینن لە ناشرینکردنی کۆمەڵگەکەمان کە ئێمەی لێرەوە نیگەران کردوە کاتێک ئافرەتێک لەلایەن کەسی خۆی لەژێر هەر ناوێکدا بێت دەکوژێ وفڕی ئەداتە دۆڵ ودەشت و چیا، پاش دۆزینەوەی و چرکاندنی وێنەی جەستەی شێواو کوژراوی بە هەزران چیرۆکی ئەفسوناوی و هەڵبەستراو بڵاودەکەنەوە بێئەوەی بزانن چ کارێکیان کردووە لە زیاتر ناوزڕاندنی ئەو خێزانە و ناشرینکردنی کۆمەڵگاکەمان. هیوادارم ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێ و بکرێتە یاسا کەس لەخۆوە وێنەی شێوای کەس بڵاونەکاتەوە بەتایبەتی ئافرەتان.

من ئافرەتێکی 50ساڵیم و دەمهەوێت جلی پڕتەقاڵی بپۆشم


ژیلا کەریمی

تووندوتیژی تەنیا لێدان و کوشتن و بڕین مانا ناکرێتەوە و هەرکات ئیزن نەدرێت بە خواست و بە پێی مافەکانی خۆت بژیت ئەوا جۆرێک لە تووندوتیژییە. من ئەمجارە سەرنج دەخەمە سەر دیاردەیەک کە ڕەنگەزۆربەمان زۆر بە ئاسایی وەربگرین ئەویش شاردنەوەی تەمەنە لای ئافرەت و چەندین هۆکاری هەیە کە گرنگترینیان ڕێگریکردنە لە تووندوتیژی کۆمەڵگە. ڕەنگە ئەوە دیاردەیەکی جیهانی بێت و لە هەندێ حاڵەت ڕەگەز نەناسێت و بە ئافرەت و پیاو بێزار بن لە وتنی تەمەنی ڕاستەقینەیان. بە تایبەت ئەگەر کەسەکە ناودار بێت و لە کۆمەڵگە ناوبانگی هەبێت ئەو دیاردەیە زەقتر خۆی دەنوێنێت. چەند هۆکارێک بۆ ئەو ڕەفتارە هەیە وەک ئەوەیکە هەندێک بە تایبەتمەندی و شتێکی شەخسی دایدەنین، هەندێک بە تایبەت ئەوانەی ڕەنگی تەمەن کەمتر بە ڕووخساریانەوە دیارە باوەڕیان بە نەفەس لێدان و بەچاوەبوون هەیە و لای هەندێک لاسایی کردنەوەی کەسانیترە، بەڵام من خۆم پاش ئەو ئەزموونەی تەمەن پێبەخشیوم تەواوی هۆکارەکان لە پەروەردەی کۆمەڵگە دەبینمەوە. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کوردستان بە تایبەت کە بە چەندین جۆر ئافرەت تووشی دڵتەنگی و هەراسان بوون دەکات و پۆلینی تەمەن و کارکانی تایبەت بە هەر تەمەنێک زیندانێکی شاراوە بۆ ئافرەت دروست دەکات کە بۆ دەربازبوون لێی تەمەنی خۆی یان دەشارێتەوە یان گچکەی دەکاتەوە.

لە کلتووری ئێمەدا خۆشی دەربڕین و ڕەنگ و ئەویندارى و خۆشحاڵییەکان لە تەمەندا پۆلێن کراون و ئەو پۆلینە بۆ ئافرەت زۆر لە پێشترە و زووتر دەسپێدەکات. چۆن؟ ئافرەتی کورد لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی بە زەبری سەپاندنی کۆمەڵگە دەبێت پیر بێت. ئافرەتێکی پەنجا ساڵی کورد ناتوانێت خۆشییەکانی بە ئاشکرا دەربببڕێت، ناتوانێت کە شتێک دڵخۆشی کرد پڕ بە دڵ پێبکەنێت بەتایبەت ئەگەر لە نێو خەڵکدا بوو. کۆمەڵگە تەنانەت ڕەنگ و جلیشی بۆ دیاری دەکات. ڕەنگە گەش و کراوەکان تایبەتن بە تەمەنی کەمتر و ڕەنگی سارد و مردوو بۆ ئافرەتانێک کە تەنانەت تازە کەوتوونەتە تەمەنەوە. میکیاج و سوراوليدانێک وادەکات کە بکەونە تەنانەت بەر لۆمەی هاوڕەگەزەکانی خۆیان. هەڵپەڕێن و سەما و بێ پەردە خۆشیکردن کە هەر کفرە و نابێت بێت. بە پێی لێکۆڵینەوەی ڕەواناسان هەر کەسەو مندالێک لە دەروونیدایە کە چەن بیپارێزێت و بایەخی پێبدات پیری و نەخۆشی ئەوەندە دڕەنگتر دەسپێدەکات، بەڵام ئافرەتی کورد مەجبورە ئەو مندالەی دەروونی لە تەمەنی 40تا 50ساڵی بکوژێت. تەمەنێک کە بەڕاستی دەتوانێت کاتی خۆشی دەربڕین و حەسانەوەی بێت چونکە ئیتر لە ململانییەی ڕۆژگار دوورکەوتوییتەوە و مندالان پێگەیشتوون و دەتوانێت بیێتە کاتی حەسانەوە و ئارامی و چێژ وەرگرتن، بەڵام بەداخەوە دەبێتە کاتێک کە پۆشینی جلە ڕەنگاوڕەنگ عەیبەیە، پێکەنین و گۆرانی و ... دەمێکە لەو کلتوورە فڕێدراوە ،وەرزش و سەفەر بۆ ئەوان نابێت و ئەگەر ژن و مێردێکی بەسالاچوو ئەویندارى بکەن و کەشێکی ڕۆمانسی بۆ خۆیان بخوڵقێنن هەر نابێت. جا بۆیە ئافرەتانی کۆمەڵگەی من تا بتوانن خۆیان بچووکتر دەکەنەوە و تەمەنیان کەمتر دەڵێن تا بتوانن چێژ لە ژیان وەربگرن و بژین.



شۆڕشی ئافرەتانی جل پەمەیی بەرامبەر دەستدرێژی سێکسی



ئافرەتانی ناوچەی "باند لیخند" لە "ئوتارپرادێش"ی هیند کە بە هۆی بێبەهرەالەتی و زوڵم بێزار بوون و هیوایان لە پۆلیسی گەندەڵی ناوچە بڕیوە بڕیاریان داوە بۆخۆیان گرۆپێک سازبکەن و دژ بە دەستدرێژی سێکسی بوەستنەوە.

ئەیالەتی ئوتارپرادێش یەکێک لە پڕچەماوەرترین و فەقیرترین ئەیالەتەکانی هیند کە زیاترین ئاماری خراپەکاری تیا تۆمارکراوە و لە ساڵی 2008 پاش ئەوەیکە لەو ناوچەیە گرووپێک دەستدرێژیان کردە سەر کچێک و کوشتیان ئافرەتانی ئەو ناوچەیە "باند گولابی" یان " ئافرەتانی جل پەمەیی" دامەزراند.

"سامپات پال دۆی" دامەزرێنەری ئەو گرووپە دەڵێئت کەسی فەقیر لە وڵاتی هیند بەختی نەحسە و ئافرەت بوون لێرە چەند هێندە زەحمەتتر. ئەو خاتوونە خۆی زەحمەتی زۆری بینیوە و سالانێکە بۆ وەرگرتنی مافی ئافرەتان هەوڵ دەدات کە نموونەی دامەزراندنی ئەو گرووپەیە کە ئێستا ژمارەی ئەندامانی گەیشتووەتە 140هەزار کەس کە ساری پەمەیی دەپۆشن و گۆپاڵ بەدەستەوە دەگرن و بەیەکەوە دژ بە تووندوتیژی سێکسی و جنسی، نەخوێندەواری، هاوسەرگیری لە تەمەنی خواروو، زوڵمی بنەماڵەی هاوسەر و نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەجەنگن. لە هیند پەمەیی ڕەنگێکی ئافرەتانە نییە و سامپات دەڵێت هۆی هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگە بۆ ئەوەبوو کە هیچ گرووپێکی سیاسی ئەو ڕەنگەی بەکارنەهێناوە.

کچەپاڵەوانی ئەفریقیا و عەرەب لە دیدارێکی خەباتدا

سارا عادل: بەڕێکەوت شەترەنجم دەستپێکرد بەڵام ئێستا بۆتە ژیانم و بەختەوەری کردووم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

سارا عادل ئیبراهیم ئەو کچە شەترەنجبازانە سەرەتا وەک ڕێکەوتێک دەستی بەشەترەنج کرد، کاتێکیش قەدەر گەیاندە ئەو ڕۆژەی کە ببێتە شەترەنجبازێکی دیار نەوەک هەر لە وڵاتەکەی میسر، بەڵکو لە نێو وڵاتانی عەرەب و ئەفریقیاش، بۆیە قەدەری خۆش دەویت چونکە گەیاندیە ئەو ڕۆژە کە بەشێوەیەک ریتینگی نێودەوڵەتی دەگەیەنێتە 2012.

سارا عادل لە سالی 2003لە شاری ئەسکندریە لە میسر لەدایک بووە، لەسەر ئاستی خۆی چەندین جارە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئەو لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات تیشک دەخاتە سەر ژیانی وەرزشی و خۆشەویستی بۆ ئەم یاریيە.

شەترەنج بۆ من ڕێکەوت بوو

سارای تەمەن 15سالّ دەڵێت: سەرەتا وەک ئارەزوویەک شەترەنجم کرد و هیچی تر نەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی تەنها حەزم بەو وەرزشانە دەکرد کە بیرکردنەوەی تیادایە، دەتوانم بڵێم تەواو ڕێکەوت بوو کە شەترەنجم هەڵبژارد، بەو پێیەی دایک و باوکیشم ئەو یاریيە دەکەن بۆیە زوو فێری شەترەنجیان کردم، بەڵام ڕاهێنان و ناسینی یاساکانی ئەو یاریيە زیاتر بە ڕێکەوت بووە.

هێشتا خەونەکانم نەهاتونەدی

کاتێک سارا تەمەنی دەبێتە پێنج شەش ساڵان بەشداری پاڵەوانێتییەکانی وڵاتی میسر دەکات و یەکەم بەشداریشی لە پاڵەوانێتی یانەی سموحەی نێودەوڵەتی بوو، توانی پلەی یەکەم لەخوار 8 ساڵان بەدەست بهێنێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پێنج جار نازناوی پاڵەوانیتی جمهوری بۆ تازەپێگەیشتوان بەدەست بهێنێت، و هەروەها لە 2010بەشداری پاڵەوانیتی عەرەب دەکات لە وڵاتی تونس، لەسەر ئاستی عەرەب و ئەفریقیاش خۆشبەختانە توانیومە دوو جار پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، و دەڵێت هێشتا خەونەکانم نەهاتونەتەدی چونکە من لەسەرتای کاروانەکەمدام.

شەترەنج بەختەوەری کردووم

سارای کچەشەترەنجبازانی لاوی میسری کە ئێستا خاوەن تایتلی 1600ە لەبارەی خۆشویستی بۆ شەترەنج دەڵێت: پێم وایە شەترەنج بەگشتی بەختەوەری کردووم لە ژیان، بەڵام هێشتا نەبۆتە سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیان لای ئێمە، هێشتا لە ئاست شەترەنجی وڵاتەکەم رازی نیم، بەڵام کردنەوەی پاڵەوانیتیی زۆر پیویست و گرنگە، چونکە لە یەک پاڵەوانیتیدا دەتوانی 60خاڵ بەدەست بهێنی کە ئەمەش زۆرە.

هێشتا شەترەنج نەبۆتە سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان

یارییەکانی ئەمشەوی گەڕی پێنجەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

کاتژمێر 8ی شەو
ئەتلەتیکۆ مەدرید/ئیسپانیا*مۆناکۆ/فەرەنسا
لۆکۆمۆتیڤ/ڕووسیا*گالاتە سەرای/تورکیا

کاتژمێر 11ی شەو
دۆرتمۆند/ئەڵمانیا*کلۆب بروگ/بەلژیکا
ئایندهۆڤن/هۆڵەندا*بەرشلۆنە/ئیسپانیا
تۆتنهام/ئینگلتەرا*ئینتەرمیلان/ئیتاڵیا
پاریس سان جێرمان/فەرەنسا*ئینتەرمیلان
ناپۆلی/ئیتاڵیا*سرڤینا زڤیزدا/سربیا
بۆرتۆ/پورتوگال*شالکە/ئەڵمانیا

واگی جێگرەوەی ڕۆبێرتۆ دەبێت لەبەرشلۆنە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی کار لەسەر ئەوە دەکات جێگرەوەیەک بۆ یاریزانی نێودەوڵەتی ئیسپانی سێرجیۆ ڕۆبێرتۆ بدۆزێتەوە، کە ماوەی مانگێک لەیانەی کاتەلۆنی بەهۆی پێکان دوورکەوتەوە، ڕۆژنامەی(مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ)ی ئیسپانی دەڵێت: ئارنستۆ ڤالڤێردی ڕاهێنەری بلۆگرانا بیر لەوە دەکاتەوە هەڵێک بداتە یاریزانی نێودەوڵەت ی سەنیگالی موسا واگی لە ریزی پلە دووەکانی بارسا بۆ ئەوەی شوێنی ڕۆبیرتۆ پڕ بکاتەوە، یاریزانی پورتوگالی نیلسۆن سیمدۆ دیارترین یرایزانە بۆ ئەوەی لە بااڵی ڕاست لەیارییەکەی ئەمشەو بەرامبەر ئایندهۆڤن یاری بکات، بەڵام ڤالڤێردی یاریزان واگی لەجامی شای ئیسپانیا یاری پێدەکات، بۆ ئەوەی پشوو بداتە یاریزانی نێودەوڵەتی پورتوگالی.

یاریزانی بااڵی سەنیگالی ڕۆڵێکی هێرشبردنی کاریگەری هەیە لەبااڵی ڕاست، کە پێشتر لە مۆندیالی ڕووسیا توانی گۆڵێک بۆ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات.



هالیپ لەپێشەنگی پۆلینی جیهانی مایەوە ئەمشەو بۆفۆن بەرامبەر لیقەرپوول لەسەروبەندی ژمارەیەکی پێوانەیی دایە



کچە یاریزانی ڕۆمانی سیمۆنا هالیپ پاریزگاری لەپێشەنگی ڕیزبەندی پۆلینکاری جیهانی پیشەگەرانی تێنسی سەرزەوی کرد، کە لە دووشەمەی ڕابردوو بااڵکرایەوە، هالیپ توانی پێش ڕکابەرەکەی ئەنگلیک کیرێری ئەڵمانی بکەوێت کە لەپلەی دووەم هات، لەهەمان کاتیشدا کچە دانیمارکی کارۆلین ڤۆزنیاکی هاتە پلەی سێیەم، پلەی چوارەمیش بووە بەشی کچە ئۆکرانی ئالینا سڤیتۆلینا کە توانی پێش نەوەمی ئۆساکای ژاپۆنی و ئەمریکی سەلوان ستیڤنز بکەوێتەوە. کچە چیکی پیترا کڤیتۆڤا لەپلەی حەوتەم هات و پێش هاوڵاتییەکەشی کارۆلینا پلیسکۆڤا کەوتەوە، کچە هۆڵەندی کیکی پیرتنێز لەپلەی نۆیەم هات و کچە ڕووسی داریا کاستکینا هاتە پلەی دەیەم.

ئەورووپا دەڵێت: بۆفۆن چاوەڕێی ژمارەیەکی پێوانەیی دەکات لەیاریيەکەی ئەمشەویان بەرامبەر لیقەرپوول، ئامارەی بەوەکرد کە بۆفۆن ئەگەر بەتۆڕی خاوێن بێتە دەرەوە لەو یاریيە، ئەوە دەبێتە سێیەمین گۆڵپاریز لەمێژوودا بۆ ماوەی 50یاری تۆڕەکەی بەپاکی بمێنێتەوە. بۆفۆن تاکو ئێستا 118یاری لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوەدەچێت ئاماەدەکردووە، ماڵپەڕی فەرمی خولی یانە پاڵەوانەکانی گۆڵپاریزی ناوداری ئیتاڵی گیانلۆگی بۆفۆن، گۆڵپاریزی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی خۆی بۆ یاری ئەمشەویان بەرامبەر لیقەرپوول کە لەمیانی قۆناغی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوەدەچێت ئاماەدەکردووە، بۆفۆن لە49یاریدا تۆڕی بەپاکی ڕاگرتووە، جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە گۆڵپاریزی هۆڵەندی ئیدین ڤان دێرسار، لەگەڵ یانەی مان یونایتد و ئیکەر کاسیاس لەگەڵ ڕیال مەدرید وبۆرتۆ، توانیویانە لە 50یاریدا تۆڕی گۆڵەکەیان بەپاکی بهێڵنەوە.



ئەمشەو نیمار بەرامبەر لیڤەرپوول یاری دەکات

تاکو ئێستا کێشەی نائامادەیی ئەستێرەی بەرازیلی نیمار دا سێبڵفا هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و یاریکردنی بەرامبەر یانەی لیڤەرپوول لەسەر یاریگای باخچەی شازادەکان لەفەرەنسا لە گەڕی پێنجەمی قۆناغی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا جێگای گومانە. مانچێستەر (لی 10سپۆرت)ی فەرەنسی بڵاویکردەوە کە ئەستێرەی بەرازیلی دانی ئالڤێش بەرگریکاری یانەی پاریسی بە هاوڕێ نزیکەکانی خۆی راگەیاندووە کە ڕاهێنەری ئەڵمانی تۆخێل بڕیاریدا لەیاری ئەمشەو بەرامبەر لیڤەرپوول یاری بە نیمار بکات، ئەگەر 100%یش ئامادە نەبێت، ئالڤێش دوای پێکانێکی 6مانگی لە شەمەی ڕابردوو گەڕایەوە ناو یاریگا، بەڵام نیمار لەیاری دۆستانەیان لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل بەرامبەر کامیرۆن تووشی ئازاری ماسولکەکانی بۆوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت چاوەڕێ دەکرێت ئەمشەو یاری بکات. جێگای وەبیرهێنانەوەیە یانەی پاریس سان جیرمان پێویستی بەسەرکەوتنە لەیاریەکەی ئەمشەو بۆ ئەوەی پارێزگاری لەهەلی گەیشتنی بۆ قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بکات، یانەی لیڤەرپوول بە 6خاڵ و بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ یانەی ناپۆلی ئیتالی پێشەنگی ئەم گرووپەی گرتووە، بەڵام یانەی پاریسان بە 5خاڵ لە پلەی سێیەم دایەو یانەی ئەستێرەی سوری سربی بە 4خاڵ لەکۆتایی ڕیزبەند دایە.



سکۆلاری ڕابەرایەتی پالمێراس دەکات بۆ بەدەستهێنانی خولی بەرازیل



یانەی پالمێراس توانی نازناوی خولی بەرازیلی بەدەست بهێنێت لەیاری تۆپی پێ، بەر لەکۆتایی خولەکە بەیەک یاری، دوای ئەوەی توانی لەگەڕی ڕابردوو بەسەر یانەی ڤاسکۆ دیگاما سەرکەوێت، بەمەش سکۆلاری توانی لەتەمەنی 70سالی خەلاتێکی دیکەی گەورە بەدەست بێنێت. سکۆلاری کە پێشتر ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بوو و توانی بۆ جاری پێنجەم مۆندیالی جیهان لەسالی 2002بەدەست بێنێت، هەروەها بەهەمان شێوەش ڕاهێنەر بوو کاتێک شکستە شەرمەزارییەکەی بە 1-7گۆڵ بەرامبەر ئەڵمانیا تۆمارکرد، لەمۆندیالی 2014دا. لەمانگی حوزەیرانی ڕابردوو بۆ جاری سێیەم ڕاهێنەرایەتی یانەی پالمێراسی وەرگرت، کە ئەوکات بەجیاوازی 8خاڵ لەگەڵ یانەی پێشەنگ لەپلەی حەوتەم دابوو. بەرابەرایەتی سکۆلاری یانەی پالمێراس توانی 16یاری لەکۆی 22یاری ببااتەوە، بەرامبەر 6یەکسان بوون، تۆڕەکەشی تەنها بۆ 9جار هەژێندرا. کۆی خاڵەکانی پالمیراس لەدوای ئەم سەرکەوتنە بۆ 77خاڵ بەرز بۆوە بەجیاوازی 5خاڵ لەگەڵ یانەی فلامینگۆ، بەمەش بۆ جاری دەیەم لەمێژووی و دووەم لەماوەی سێ وەرزی ڕابردوودا ببێتە خاوەن نازناوی خولی بەرازیل. هەروەها سکۆلاری لەوەرزی 1998 ڕابەرایەتی پالمیراسی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی جامی بەرازیل و جامی لیبرتادۆریس بۆ یانەکانی ئەمریکای باشوور، لەسالی دواتریش بەهەمان شێوە جامی بەرازیلی لەجاری دووەم لەسالی 2012 بەدەستهێنایەوە.




ڕۆنالدۆ لە دەربەندیخانە

خەبات: هێمن گردەچاڵی

لە شارۆچکەی دەربەندیخان ڕۆنالدۆیەک لەدایک دەبێت، باوکی منداڵە لە دایک بووەکەی دەربەندیخانی سەربە پارێزگای سلێمانی بەڵێنی دابوو کە ئەگەر ئەم جارە خوای گەورە منداڵێکم پآ ببەخشآ ئەوە ناوی دەنێم ڕۆنالدۆ.

باوکەکە بەهۆی خۆشەویست بآ سنووری بۆ کرستیانۆ ڕۆنالدۆ لەو کاتەوەی یاری بۆ یانەی مانچێستەر یونایتدەوە کردووە ئەم یاریزانەی خۆشویستووە دوای ئەوەش کریستیانۆ ڕۆنالدۆ دێت بۆ ڕیال مەدریدی ئیسپانی ئەوە خۆشەویستی بۆ ڕۆنالدۆ زیاتر دەبێت. هەربۆیەشە ناوی منداڵە تازە لە دایک بووەکەی ناودەنی ڕۆنالدۆ وئەو دەڵێت فشارو خسەو قسەلۆکی خەڵکێکی زۆرم لەسەر بوو، بەڵام من بەڵێنی ئەوەم دابوو هەر ئەو کارە بکەم بۆیە دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە سەرەتا هەواڵی ئەوەیان دا کە کورپەکمان لەدایک بووە من زۆر خۆشحال بوو، بەڵام دوای چەند ساتێک پێیان ڕاگەیاندم کە کورەکەم بە مردوویی لەدایک بووە بەم هەواڵە زۆر دڵتەنک بووم ، لای خۆیانەوە دکتۆرەکان هەول و کۆششی خۆیان زیاد لە پێویست بەکارخستبوو بۆ گەراندنەوەی گیانی کورەکەم شوکور بۆ خودا منداڵەکەم ئێستا لە ژیانەو ناوی ڕۆنالدۆیە.



ڕۆنالدۆ ڕکابەری مپابی و گریزمان دەکات

لیژنەی ڕێکخەری کۆنگرەی نێودەوڵەتی وەرزشی دوبەی لیستی پالێوراوانی خەلاتەکانی (گلۆب سۆکەر)ی ئاشکرا کرد، کە دەڕێتە باشترینەکانی جیهان لە سالی 2018دا. مانگرەی فەرمی کۆنگرەی دوبەی نێودەوڵەتی وەرزشی ڕایگەیاند کە ئەنتوان گریزمان هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی و کیلیان مپابی هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەستێرەی یۆفنتۆسی ئیتالی پالێوراون بۆ بەدەستهێنانی خەلاتی باشترین یاریزانی جیهان لەم بۆ سالی 2018.کیلیان مپابی و ئەنتوان گریزمان ڕابەرایەتی هەڵبژاردەی فەرەنسایان کرد بۆ بەدەستهێنانی مۆندیالی جیهان کە لەهاوینی ڕابردوو ولاتی ڕووسیا میواندیاری کرد، بەڵام ڕۆنالدۆ لەگەڵ ڕیال مەردید بووە پالەوانی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا، بەر لەوەی پەیوەندی بەیانەی یۆفنتۆسەوە بکات. هەروەها لیستەکە ناوی باشترینەکانی ڕاهێنەرانی ڕایگەیاند کە هەریەکە لە ماسیمیلیانۆ ئەلیگری ڕاهێنەری یۆفنتۆس و دیێگۆ سیمیۆن لە ئەتلەتیکۆ مەدرید و دیدێ دیشامپ ڕاهێنەری فەرەنسا لەرکابەری دادەبن، شان بەشانی یۆرگن کلۆپ لەلیڤەرپوول و زێدان لەگەڵریال مەدرید کە توانی ببێتە پالەوانی یانە پالەوانەکان، هەروەها یانەی ڕیال مەردید و ئەتلەتیکۆ مەدرید و لیڤەرپوول رکابەری لەسەر خەلاتی باشترین یانەی وەرزی 2018دەکەن، کە ناسنامەی خەلاتەکانی براوەکان لە 3مانگی کانوونی یەکەم لە شاری دوبەی ئیماراتی ئاشکرا دەکرێت.


چەند یاریزانێکی بەرشلۆنە ئەمشە و بەرامبەر ئایندهۆڤن یاری ناکەن

ئارنستۆ ڤالڤێردی بەڕێوەبەری هونەری یانەی بەرشلۆنە لیستی تیپەکەی بۆ یاری ئەمشەویان بەرامبەر ئایندهۆڤنی هۆڵەندی ڕاگەیاند، کە لەمیانی گەڕی پێنجەمی قۆناغی گرووپەکانی خولی یانە پالەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوەدەچێت.

لیستەکەی ڤالڤێردی هەریەک لە گۆڵپارێز یاسپێر سلیسین و ئارسەر میلۆ و لویس سواریز و سێرگیۆ ڕۆبێرتۆ و ڕافینای بەهۆی پێکانەوە تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام هەریەک لەیاریزانان ڕاکیتیچ و فیلیپ کۆتینهۆ گەڕانەوە لیستەکەی ڤالڤێردی دوای چاکبوونەوەیان لەپێکا ن. لیستەکەی بەرشلۆنەش بۆ یاریەکەی ئەمشەو بەمشێوەیە بوو: (تیر شتیگن، نیلسۆن سیمیدۆ، گیرارد پیکێ، ڕاکیتیچ، سێرگیۆ بۆسکێتیس، دینیس سواریز، کۆتینهۆ، لیۆنێل میسی، عوسمان دیمبلی، مالکۆم، لینگلیت، گۆزدی ئالبا، مونیر حەدادی، ڤیدال، ئۆمتیتی، کارلیس ئەلینیا، میراندا، ریکی بۆیگ، چۆمی برانداریز، جۆکین ئیزکیتا، ئیناکی بینیا).

یانەی بەرشلۆنە پێشەنگی گرووپی دووەمی بە 10خاڵ گرتووەو بەجیاوازی 3خاڵ لەگەڵ یانەی پلەی دووەم ئینتەرمیلانی ئیتالی، پاشان تۆتنهام دێت بە 4خاڵ و ئایندهۆڤنیش کەوتۆتە دواوەی ڕیزبەند بەیەک خاڵ.

نەهز ڕوستایی



گۆڵکارانی ئەوروپا بەر لەکۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەم

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەم لەسەر ئاستی هەر پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا (بیگ5)ڕکابەرییەکی بەهێز لەنێوان ژمارەیەک یاریزان هەیە لەسەر نازناوی گۆڵکاری ئەوروپا، لەدوای ئەو ئاستە بەرزەو بەهێزەی هێرشبەران و بوونی توانای تۆمارکردنی گۆڵ بۆتە هۆی ئەوەی ململانێیەکە تا کۆتایی وەرز بەردەوام بێت، بەر لەوەستانی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی گۆڵکارانی خولە ناوخۆیەکانی ئەوروپا بەمشێوەیە بوو:

سێرگیۆ ئەگوێرۆ/مان سیتی 8گۆڵ-خولی ئینگلیزی

لویس سواریز/ بەرشلۆنە 9گۆڵ -خولی ئیسپانیا

- لیۆنێل میسی/بەرشلۆنە 9گۆڵ-خولی ئیسپانیا

- کریستۆڤ بیاتیک/جەنەوا 9گۆڵ- خولی ئیتالیا

- لۆکا جۆڤیچ/فرانکفۆرت 9گۆڵ -خولی ئەڵمانیا

- کیلیان مپابی/پاریس سان جێرمان 11گۆڵ خولی فەرەنسا

- ئیمیلیانۆ سالا/نانت 11گۆڵ- خولی فەرەنسا

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 28. Nov. 2018 No: (5642)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ڕەشانگ



دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

ئاوڕێک لە دوێنێ بدەنەوە ئەمڕۆ بارزانی ببینن

باسی سەردانەکەی سەرۆک بارزانی لە 22/11/2018بۆ بەغدا ناکەم، دەمەوێ قسە لەبارەی ئەوانە بکەم کە تیر و توانج لەو سەردانە دەگرن، ئاخۆ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئایا بەڕاست لە خەمی وڵاتە یان خەمێکی دی پاڵیان پێوە دەنێ؟


ئەوەی دەگوزەرێ لە خەمێکی چەندین ساڵەوە سەرچاوەی گرتووە، هەڵگرانی ئەو خەمە کە بە میراث بۆیان ماوەتەوە، ئاوڕێک لە میژوو نادەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن بۆچی لە کاتی خۆیدا ئەو خەمەیان هەڵگرت؟ لەم ڕۆژگارەشدا جارێکی دی خەمەکەیان هەڵگرتەوە، بە ڕوونی دەردەکەوێ کە پەند لە میژوو وەرناگرن، دەبێ بزانن ئەوە بەغدایە سیاسەت دەکات نەک ئەوان، ئاخر کاتێ لە 1964جیابوونەوە لە پارتی ڕوویدا، ئەوانەی جیابوونەوە دوای دوو ساڵ سەنگەری شۆڕش و پێشمەرگەیان بەجێ هێشت و چوونە سەنگەری دوژمن، لەگەڵ سوپای عێراق پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەیان دەدا، بەو هیوایەی لەو ڕێگەیەوە دەسەلاتی شۆڕش و حزب بگرنە دەست، زۆر بە دڵسۆزی شەڕی پێشمەرگەیان کرد، تەنانەت پارێزگاری هەولێر لە ماوەی 1968- 1970 کە سەر بە جەماعەتی جیابووەوە بوو، سەردانی سەنگەرەکانی شەڕی دژی پێشمەرگەی دەکرد.

کەچی لە 1969حکوومەتی عێراق لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی کەوتە گفتوگۆ و ڕێککەوتنی11ی ئادارای ساڵی 1970ی لێکەوتەوە، ئەوکاتیش جەماعەتی جیابووەوە بەو هەنگاوەی بەغدا ڕازی نەبوون، بەڵام حکوومەتی عێراق بۆی دەرکەوت کە دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنی ڕاستەقینەی دۆز و شۆڕشی کوردستان بکرێت.

ئەوەی ئێستاش ڕوویدا هەمان میژووە دووبارە دەبێتەوە، بەداخەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەجۆرێک خۆ لە بەغدا نزیک دەکرایەوە کە وەک کارتێک دژی پارتی بەکاربهێندرێت، تەنانەت داوایان لێ دەکرد مووچە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەنێرێ، بۆ ئەمەش کەشێکی ئالۆز لە ناوخۆی کوردستان دروست کرا، تا سەری بە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 گەیشت، ئەو هێزەی پەلاماری کەرکووکی دا، ویستی هەولێر و دهۆکیش داگیر بکات، بەڵام پێشمەرگە نەیهێشت.

دوای ساڵێک لەو ڕووداوانە، بەغدا ئەگەر گوشاری ئەمەریکای لەسەر بووبێت، بەڵام بۆی دەرکەوت کلیلی چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لای بارزانییە، بۆیە پێویست بە خۆسەغڵەت کردنە ناکات، ئەوانە لە ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدا لایەنگری بەغدا بوون، لە ریفراندۆمدا لایەنگری بەغدایان کرد، کاتێ پەلاماری هەولێر و دهۆکیش درا، پێیان وابوو ئەو ڕۆژە خۆشانە دێن کە دەمێکە چاوەڕێیان دەکرد، کەچی دوای ساڵێک لەو ڕووداوانە، بەغدا فەرشی سووری بۆ سەرۆک بارزانی ڕاخست، سەردانەکە پێشوازییەکی گەرمی لە ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان لێکراوە، تەنیا کەسانێک پێیان ناخۆشە کە خۆیان لە مەلیک پێ مەلیکترە، بەڵام بەغدا پێی گوتن نەخێر ئێمە بە پێی ئەزموونی ڕابردوو، ئەگەر بەدوای چارەسەریدا بگەڕێین دەزانین لەگەڵ کێ قسە دەکەین.

کتێبێکی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیکی لە بارەی ڕێبازی بارزانەوە چاپکرا



ئەم کتێبە کە ناوی فەلسەفە و ڕێبازی بارزانە، بە شێوەی لێکۆڵینەوەی پرامیدی، لێکۆڵینەوەی مەیدانی، کۆ کردنەوە و ئەنجامدانی دیدار و گفتوگۆ ئاماده کراوە، دوای زیاتر لە 8ساڵ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە لایەن ئەردەلان هورامییەوە ئاماده کراوە.

کتێبێکی لێکۆڵینەوەییە و جیاوازتر لە بەرهەمەکانی پێشووتر، بابەتی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیکی هەڵبژاردووە و لە نێو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا بە تەیرۆتەسەڵی باس لە فەلسەفە، ڕێباز و ئایدئۆلۆژیای بارزان و شێخانی بارزان هەروەها سیاسەت و هەڵوێستە نیشتمانپەروەرانەکانی شێخانی بارزان کراوە.کتێبەکە بە شێوەی لێکۆڵینەوەی پرامیدی، لێکۆڵینەوەی مەیدانی، کۆ کردنەوە و ئەنجامدانی دیدار و گفتوگۆ ئاماده کراوە.نووسەر لەم کتێبەدا زۆر باسی میژووی نەکردووە بەڵکو دوای چاوخشاندنێکی کۆرت بە جۆگرافیا و هەڵکەوتی جۆگرافیایی دەڤەری بارزان، ڕاستەوخۆ دەستی بە نووسینی فەلسەفە، ئایدئۆلۆژی، ڕێباز، ئەخلاق، ئایین و بواڕەکانی دیکەی ئایدئۆلۆژیکی کردووە.

بۆ ئەم مەبەستە نووسەر دوای ساڵانێکی دوور و درێژ و خوێندنەوە و بەدواداچوون لە بەرهەمە جیاجیاکان کە بە زمانە جۆراوجۆرەکان نووسراون، دەستی بە دارشتنی ناوەڕۆک و بەشەکانی ئەم کتێبە کردووە.

لە کتێبەکەدا بەراوردی زانستی و ئاکادەمیکی بۆ ڕێباز، هەڵوێست و سیاسەتی شێخانی بارزان لە بواره جیاجیاکاندا کراوە. کتێبەکە لە 358لاپەڕە پێکهاتووە و دیزاینی بەرگی کتێبەکەیش هەڵگووڵاوی هەستی ژینگەپارێزی شێخانی بارزان و گرنگیدانی ڕێبازی بارزان بە ژینەگەپارێزییە.

لەسەرجەم بۆنە و یادەکانی پارتی بە گۆڕانی بەشداری کارای هەیە

ئەژدەر محەمەد.. سەلامەتییە



بەرهەم شێخ عزەدین

هونەمەندی لاو ئەژدەر محەمەد یەکێکە لەو هونەرمەندە لاو دڵسۆزانەی لەسەرجەم بۆنە نەتەوەییەکان بەدەنگە زۆڵاڵەکەی بەشداری کارای هەبووە و بەشداربووە لەسەرخستنی پرسە نەتەوە یییەکان، جگەلە بۆنە نەتەوەییەکان ئەو هونەرمەندە لاوە بۆ بۆنەو یادە تایبەتییەکانی پارتیمان بەسرود و گۆرانییە بەجۆشەکانی بەشداری کارای هەیەو خۆنەویستانە بەشداری دەکات و بەبێ هەست کردن بەماندووبون خزمەت بەڕێبازی پیرۆزی پارتی و بارزانی دەکات. ئەوهونەرمەندە لاوە دڵسۆزە ئێستا باری تەندروستی ناتەواوە و لە یەکێکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر نەشتەرگەری جگەری بو کراوە، ئەژدەر باری داری خراپەو نەخۆشخانەی تایبەت نەشتەرگەری بۆکراوە، بەهیواین بەزوترین کات چاک بێتەوە و بگەڕێتەوە ناوکەس وکارو بەردەوام بێیت لەخزمەتی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی.

ئاهەنگی ڕۆژی سەربەخۆیی لوبنان لە هەولێر بەڕێوەچوو



بەبۆنەی ساڵڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتی لوبنان، ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان ئاهەنگێکی خنجیلانەی سازکرد.

بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ پارێزگاری هەولێرو بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و ڕەوەندی لوبنانی لە کوردستان، لەهوتێل ڕۆتانای هەولێر ئاهەنگێک بۆ ڕۆژی سەربەخۆیی لوبنان ئەنجامدرا، تێیدا خاتوو بالوێزی هونەری لوبنانی -کوردی خاتوو حەسنا مەتەر چەندین گۆرانی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چڕی، کە باس لە پاڵەوانێتی پێشمەرگەی کوردستان و سەربازانی سوپای لوبنانی دەکرد، هەروەها چەند گۆرانییەکی ئەلبومی تایبەتی خۆی گوتەوە وەک گۆرانی (لیالی الغربە) بەیارمەتی تیپی مۆسیقا بە رابەرایەتی مایسترۆ کەمیل ئەبو کەرەم، لەگەڵ تیپی شایی لوبنانی بەسەرۆکایەتی وەلید ئەبو عیماد.

لە تاراوگە ئافرەتانی کوردستان خۆیان بۆ ڕۆژی هەڵکردنی ئالا ئاماده دەکەن



سابیر

زۆرێک لەوانەی ئەمڕۆ لە تاراوگەن، پەڕۆشترن لەوانەی لە زێدی خۆیانن و خەمی پرسە نەتەوەییەکانیان لە ئەستۆ گرتووە. ئەوەتا لە وڵاتانی دانیمارک و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، ئافرەتانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بەدانان و بەرنامە ڕێژی سازدانی ڕێو ڕەسم و ئاهەنگگێڕان بۆ هەڵکردنی ئالای پر شکۆی کوردستان. کۆبونەوە و دانیشتن ساز دەدەن. لەم بارەوە ناسکە خان کە یەکێکە لە ڕێکخرانی ئەم کۆبونەوەیەو چالاکە لەبواری فیمینیستی دەربارەی ئەم ئامادەکارییە بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: کەوا پێشەکی دەبێت ئەوە بڵێین کە مەسەلەی یادکردنەوەی هەڵکردنی ئالای کوردستان وەکو مەسەلەیەک کەمتر پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کێ ئەو یادە زیندوو دەکاتەوەو داوای ئەو چالاکییانە دەکات، چونکە ئالا پرسێکی نەتەوەییەو پەیوەندی بە هەموو کوردێکەوە هەیە. لەم ڕوانگەوە پارتی دیموکراتی کوردستانیش خۆی بە پارێزەری مافە نەتەوەییەکانی کوردستان دەزانێت بۆیە ئەمڕۆ ئەو پرسە نەتەوەییە وەک ئەمانەتە لە ناوخۆو دەرەوە دوروژێنێ. ناسکە خان دووپاتیدەکاتەوە کە پێویستە ئافرەتانی کورد لە تاراوگە و ناوخۆی وڵاتدا کارێک بکەن دوژمنانی کورد زەلیل بکەن و بەرووی داگیر کەران فێری نا گوتن بن، فێری سەرکەشی بن، فێر بن، کە پرسی نەتەوەیی عیبارەتە لەشەرەف و کەرامەت، ئالاش شوناشی نەتەوەیەکی مەزلومی وەک کورده، بۆیە پێویست دەکات ئەو ڕۆژە وەک دەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ ڕێکخستنەوەی نێو مالی کورد.